www.c4kurd.com

# سی فۆر کورد

C4kurd
A weekly Publication on Information Technology

No. (3) First Year
Tuesday Oct. 23 2007

(٨) لاپەڕەیە
نرخی (٥٠٠) دینارە

هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان — بەشێوەیەکی کاتی دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (3) سالی یەکەم سێ شەممە 23-10-2007





به پێی ئامارێك :

* ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا گەیشتە زیاتر لە یەک ملیار.

* ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە عێراقدا (٣٦) هەزارە کە دەکاتە یەک کەس لە هەزار کەس!

... لاپەڕە (٧)

# به تەنها دوو هەنگاو بزانە کۆمپیوتەرەکەت فایلی سیخوری تێدایە یان نا؟!

بۆ دۆزینەوەی فایلاتی سیخوری لەناو کۆمپیوتەرەکەمان بەبێ بەکارهێنانی بەرنامەی (Anti Spy) دەتوانین بەچەند هەنگاوێك ئەوکارە ئەنجام بدەین کە بریتیە لە:

*کلیك لە لیستی (Start) بکەو لەوێشەوە بچۆ سەر کۆماندی (run).

*لە (run)دا بنووسە (system.ini) پاشان (ok)بکە.

*دوای ئەوە فایلێکت بۆ دەکرێتەوە ئەگەر سەرنجی ناوەرۆکی فایلەکە بدەیت دەبینیت لەخوارەوە چوار ڕستە نووسراوە، مەرج نیە لەهەموو کۆمپیوتەرێك وەکو یەك بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نرخەکانی هەریەك لەم رستانە لای چەپ یەکسان بێت بەنرخەکانی لای راست بۆ نموونە:

EGA80WOA.FON=EGA80WOA.FON
EGA40WOA.FON=EGA40WOA.FON
CGA80WOA.FON=CGA80WOA.FON
CGA40WOA.FON=CGA40WOA.FON

ئەگەر بەم شێوەیە بوو، واتە کۆمپیوتەرەکەت پاکەو هیچ فایلێکی سیخوری لێی نەداوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر هاتوو بەم شێوەیە بوو وەکو ئەمەی خوارەوە:

EGA80WOA.FON=EGA80850.FON
EGA40WOA.FON=EGA40850.FON
CGA80WOA.FON=CGA80850.FON
CGA40WOA.FON=CGA40850.FON

واتە کۆمپیوتەرەکەت فایلاتی سیخوری لێیداوە لێرەوە پێویست دەکات کەکۆمپیوتەرەکەت پاك بکەیتەوە.

**لە ژمارەی داهاتوو باسی بەرنامەیەك دەکەین کە کۆمپیوتەرەکەمان بۆ پاك دەکاتەوە..** (کاروان دیبەگە)

## کارتێکی تایبەت بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر لە ڤایرۆس




کۆمپانیای E-Softی مالیزیی هەستاوە بە بەرهەمهێنانی کارتێکی تایبەت بۆ پاراستنی سیستم و زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەر لە ڤایرۆس و چەتەکانی کۆمپیوتەر.

دوای دامەزراندنی ئەم کارتە لەسەر کۆمپیوتەرەکە، کارتەکە هەڵدەستێت بە دروست کردنی سیستمێکی یەدەگی تەواو (Backup) لە سیستمی کۆمپیوتەرەکەدا، لە کاتی تووشبوونی کۆمپیوتەرەکە بە ڤایرۆس، ترۆجان، کرم یان ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەك لە سیستمی کۆمپیوتەرەکە لەبەر هەر هۆکارێك بێت یان سڕینەی فایلەکانی سیستم یان گۆڕانکاری تێیاندا یاخود دابەزاندنی بەرنامەو سڕینەوەیان، ئەوا دوای ریستارت کردنەوەی کۆمپیوتەرەکە سیستمە یەدەگەکە بۆسەر کۆمپیوتەرەکە دەگەڕێتەوەو وەکو ئەوە وایە کە هیچ گۆڕانکاریەك لە سیستمەکە رووی نەدابێت.

شایانی باسە ئەم کارتە دەتوانرێت پاسۆردی بۆ دابنرێت تاوەکو تەنها خاوەنی کۆمپیوتەر مافی ئەوەی هەبێت کە هەر پرۆگرامێك کە حەز بکات لەسەر کۆمپیوتەرەکەی دابنێت یاخود بیسڕیتەوە.

جێی ئاماژە پێکردنە ئەم کارتە وادەکات ئیدی پێویستمان بە ئەنتی ڤایرۆس نەمێنێت و پێویست بەزوو زوو فۆرمات کردنی کۆمپیوتەرەکانمان ناکات.

## بیل گیتس: گۆگڵ ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە دروستکردنی بەرنامەدا




وەکو دەزانین هەردوو کۆمپانیای گەورەی ئەمریکی مایکرۆسۆفت و گۆگڵ لە جەنگێکی ساردی توندان و هەمیشە لە کێبرکێیەکی بێ کۆتان. لە مانگی رابردوو بیڵ گیتسی بەرێوەبەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بۆ نیۆیۆرك تایمز قسەی کرد و وتی کە گۆگڵ ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە دروستکردنی بەرنامەکان بەتایبەتی بەرنامەکانی مۆبایل و هەمیشە هەر مایکرۆسۆفت پێشەنگ دەبێت و ئەو ئاستەی نیە کە بگاتە ئاستی پرۆگرامەکانی مایکرۆسۆفت.

ئەم قسانەی گێتس دوای ئەو داوایە دێت کە لە دوای دروستکردنی ویندۆزی ڤیستا کۆمپانیای گۆگڵ لە دژی مایکرۆسۆفت داوایەکی داوە بە وەزارەتی دادی ئەمریکی بە بۆنەی قۆرخکردنی بەرنامەکان لەلایەن مایکرۆسۆفت و کارنەکردنی باشی گەڕانەکەی گۆگڵ لە ویندۆزی ڤیستا. لەلایەکی ترەوە بەرێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا مایکرۆسۆفت دەڵێت ئەگەر فرۆشتنی سیستەمی ویندۆز بەمشێوە بڕوات تا کۆتای ئەم ساڵ ژمارەی بەکارهێنەری ویندۆز لە جیهاندا دەگاتە یەك ملیار کەس کە ئەمەش ژمارەیەکی یەکجار زۆرەو بەم شێوەیە بەکارهێنەری ویندۆز زیاتر دەبێت لەو کەسانەی خاوەنی سەیارەن لە جیهاندا.

بێگومان ئەو قسانە کە دەڵیت گۆگڵ ناتوانێت بە ئاسانی کێبرکێ لەگەڵ مایکرۆسۆفت بکات لە فرۆشتنی سۆفت وێر سەرچاوەکەی لەوەوە خۆ دەگرێت کە تەنها لە سەد رۆژ دوای دەرچونی ویندۆزی ڤیستا زیاتر لە 40 ملیۆن کۆپی لێ فرۆشرا و هەتا ئێستاش 60 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.

## iPhone گەیشتە کوردستان




دوای دەرچونی مۆبایلی جۆری iPhone کەمتر لە سێ مانگ گەیشتە کوردستان و ئێستا بە شیوەیەکی زۆرکەم لە بازاڕ دەتوانیت بە دەستی بخەیت. iPhone لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای ئەپڵەو لە چەند مانگی رابردوو بۆ یەکەمجار کۆمپانیای ناوبراو لە پێشانگایەکی تایبەتدا لە ئەمریکا ئەمجۆرە ئامێرە تازەیەی نیشانداو بەشێوەیەکی زۆر خێرا لە هەموو ئەمریکا بڵاو بویەوە. دوای هەفتەیەك بریکاری لە بەریتانیا بە فەرمی دەستی کرد بە فرۆشتنی ، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشیە کە ئەمجۆرە مۆبایلە گەیشتە کوردستان و ئێستا هەندێك کەس کریویانە.

iPhone مۆبایلێکی بێ دوگمەیەو هەموو کارەکان بە پەنجە دەکرێت و داهێنانێکی زۆر پێشکەوتووی تێداکراوە کە کارەکان بە شێوەیەکی زۆر ئاسان دەکرێت، جگە لەوەی لە iPhone دا بە وایەرلیس دەتوانیت بە ئینتەرنێتەوە ببەسترێیت و مێمۆریەکەی 8 گێگایەو زۆر بەرنامەی پێشکەوتوی تێدایە و دەتوانیت ئیمەیڵەکانی جۆری یاهوو گۆگڵ بکەیتەوەو ئەم جۆرە بە نەوەی 3.5 دەناسرێت لەنەوەکانی مۆبایل.

بێگومان کە ئەم مۆبایلە دروستکرا تەنها بۆ یەك هێڵی تایبەت لە ئەمریکا دروستکراو بەبێ ئاگاداری کۆمپانیا ناتوانرێت بەکاربێت، بەڵام ئەو ئامێرانەی ئێستا گەیشتونەتە کوردستان هەموویان جۆکەر کراون و بۆ سیم کارتەکانی جۆری کۆرەك و ئاسیا زۆر بە ئاسانی دەبێت و وەری دەگرێت. ئەوەی ماوە بیڵێن نرخەکەی نزیکەی 700 تا 800 دۆلارە.

## دروستکردنی خێراترین پرۆسێسەر لەلایەن کۆمپانیای (ئەنتڵ)ەوە

کۆمپانیای بەهێزی ئەمریکی (ئەنتڵ)تایبەت بە دروستکردنی سی پی یو هەستاوە بە دروستکردنی خێراترین و بەهێزترین پرۆسێسەر بەناوی Core2 Extreme 3.0 GHz QX6850 کە بەخێراترین پرۆسێسەری ئەم کۆمپانیایە دادەنرێت و کاشەکەی 8 میگایە و لەسەر مەزەربۆردی جۆری LGA775 کاردەکات، بێگومان ئەم جۆرە بۆ کەسێك باشە کە پێویستی بە خێراییەکی زۆری کۆمپیوتەر بێت بۆ کارەکانی. جگە لەوەی نرخی ئەم پرۆسێسەرە 1000 دۆلارە.




## لابتۆپێک پاترییەکەی 14 کاتژمێر بەبێ پچڕان کاردەکات



کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانی NEC هەستاوە بە دروستکردنی لاپتۆپێك لە جۆری VersaPro UltraLite TypeVC بەتایبەتی دروستکراوە بۆ ئەوکەسانەی سەفەر زۆر دەکەن و بەسەریەکەوە نزیکەی 14 کاتژمێرو نیو کار دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کێشی ئەم لاپتۆپە تەنها یەك کیلۆگرامەو پرۆسێسەرەکەی لە جۆری کۆر تو دیۆیەو رامی یەك گێگایەو هاردی 40 گێگایە شاشەکەشی تەنها 12.1 ئینجە. ئەم لاپتۆپە بە شێوەیەك دروستکراوە کە لە کاتی کارکردن کەمترین وزەی پاتری بەکار بهێنێت.

## ICANN چیە؟!

رەنگە کەممان ئەو پیتانەمان بەو شێوەیە بینیبێت، بەڵام ئەوە گرنگترین رێکخراوی جیهانیە کە هەموو دۆمێنی سایتەکانی ئینتەرنێتە لەلایەن ئەم رێکخراوەوە دەدرێت و ئەو تەنهاو تەنها کاری ئیجستەری ئەو ناوانەی هەیە.

ICANN کورتکراوەی ئەم دێرەیە
Internet Corporation for Assigned Names and Numbers و رێکخراوێکی بازرگانی نیەو کاتێك ئەو دۆمێنانەی هەموو جیهان دەداتە ئەو کەس و کۆمپانیا و شوێنانە لە پێناوی پەیداکردنی پارەدا نیە. لەگەڵ ئەوەش ئەم رێکخراوە رێگەی بە هەندێك وڵات و شوێن داوە بۆ ئەوەی جگە لە پێدانی جۆرەکانی دۆمێنی , com , org net , info .. جۆری uk تایبەت بە بەریتانیاو ir بۆ ئێران و ae بۆ ئیمارات و لەم ساڵانەی دوایشدا iqگێرایەوە بۆ عێراق و زۆریتر.

کاتێك دۆمێنێك بگیرێت بەهۆی ئەم رێکخراوەوە دەزانرێت کە ئایا ئەم دۆمێنە پێشتر گیراوە یان نەگیراوە، بەڵام هەرچی بونی ئیمەیڵی خراپ و ناردنی ڤایرۆس بە هۆی ئیمەیڵ و سایتەوە ئەوە پەیوەندی بەم رێکخراوەوە نیە.

ئەم رێکخراوە لەلایەن هەموو دەوڵەتەکانەوە بەرێوەدەچێت و کەسانی پسپۆری تێدا کاردەکات کە هەمیشە لە بیری پێشخستنی ئەو بوارەدان.

ئەو کەسانەی لە کارگێری ئەوێ کاردەکەن خەڵکی ئەم وڵاتانەن "استرالیا و بەرازیل و بولگاریا وکەنەدا وچین وفەرنسا وئەڵمانیا وگانا و یابان وکینیا وکۆریا ومەکسیك وهۆڵەندە وپورتوگال وسەنگال وئیسپانیا و بەریتانیا و ئەمریکا.

ئەم رێکخراوە هەمیشە لە بیری زیادکردنی جۆری دۆمێنەو هەر بۆیە لە 15ی ئەم مانگە بریاری دا بە 11 زمانی تر دۆمێن وەربگیرێت لەوانە فارسی و عەرەبیشی تێدایە. ئەمەش سایتەکەیانە www.icann.org

## هەوڵدانەکانی گۆگڵ بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی لەسەر مۆبایل




سایتی گەڕانی گۆگڵ google هەڵدەسێ بەرهەمهێنانی ئامێرێکی مۆبایل کە هەڵگری نیشانەی بازرگانی خۆی دەبێت، وتەبێژێکی کۆمپانیاکە دەڵێت کە لەهەوڵداندان لەگەڵ چەندین کۆمپانیای بەرهەم هێنانی ئامێری مۆبایل و کۆمپانیاکانی پرۆگرامسازی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانیان لە هەموو شوێنێکدا، ئەمەو ڕاپۆرتەکان دەڵێن کەوا گۆگڵ هەڵدەسێ بە دەرکردنی چەند زنجیرە ئامێرێکی مۆبایل بە نێوی G-phone ، کە تەرکیز دەکاتە سەر خزمەتگوزاریەکانی گەڕان و ناردنی نامەی ئەلیکترۆنی و دیاریکردنی سایتەکان و پێشکەشکردنی نەخشە، بەڵام ئەو بەیاننامەی کەوا سایتی گۆگڵ دەری کردووە ئاماژە بەوە ناکات کەوا نەخشەی بەرهەمهێنانی ئامێری مۆبایلیان کردبێت، کەچی بەیاننامەکە دەڵێت ئەوان دەیانەوێت خزمەتگوزاریەکانی گەڕان و جیبەجێکاریەکانی تر وەدەست بخەن لەسەر ئامێری مۆبایل، وە ئێمەش بەگەرمی کار لەسەر ئەمە دەکەین .

شایەنی باسە گۆگڵ بەم دواییانە لەگەڵ کۆمپانیای Apple ڕێککەوت لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەکو نامەی ئەلیکترۆنی و نەخشە لەسەر ئامیرەکانی I-phone کە ئەپڵ بەرهەم هێنەریەتی، و ڕۆژنامەی ( وۆڵ ستریت جۆرناڵ) ڕایگەیاند کەوا گۆگڵ بەسەدان ملیۆن دۆلاری قازانج کردووە لەم پرۆژەیەداو لەهەوڵدانداية بۆ زیادکردنی پشکی خۆی لەبازاڕی مۆبایلدا و پێشبینی دەکات ڕێژەکەی بگاتە 14 ملیار دۆلار تا ساڵی 2011 .

www.c4kurd.com

# ئینتەرنێت لە رێگەی وایەری کارەباوە
## (Power-line Networking)

ئەندازیار حازم حەمەد جاف

■ تۆڕی کۆمپیوتەر لە رێگەی وایەری کارەبای ماڵ Power-line Networking یەکێکە لەو رێگایانەی کە بۆ بەستنەوەی کۆمپیوتەرەکان لە ناو ماڵ بەکاردەهێنرێت و رێگە بە بەکارهێنەران دەدات کە فایلەکان و فایلی دەنگ و رەنگ و گشت جۆرەکانی فایل بگوازنەوە لە نێوان یەکتردا کە خێراییەکەی دەگاتە 14 و 85 و 200 مێگا بت لە چرکەیەکدا ، هەروەها بەستنەوەی بە ئینتەرنێتش لەکاتی بوونی ئینتەنێتدا.

ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر بیرۆکەی (no new wires ) بەواتای نا بۆ وایەری نوێ کاردەکات، دیارە لە ماڵ هەموو ژوورەکان سۆکێتی هێڵی تەلەفۆنی لێ نیە، بەڵام بێگومان سویچ پلاکی کارەبای تێدایە، بۆیە زۆر بە ئاسانی ئەو سویچ پلاکەی کە کارەبای لێ وەردەگرێت بۆ کۆمپیوتەرکەت هەر بەهۆی هەمان سویچ پلاك دەتوانیت کۆمپیوتەرەکانی ماڵەوە بەیەکەوە ببەستیتەوەو هێڵی ئینتەرنێتیش بەکاربهێنیت و هیچ تێچوونێکی زیادیش ناخاتە سەر کرێی کارەباو تێچوونیشی پێویست نییە بۆ راکێشانی وایەری نوێ و کون کردنی دیوارو ناشیرین کردنی دیمەنی ماڵەوە.

خزمەتگوزاری پاوەر لاین لە پەیمانگای ئەندازیارانی کارەباو ئەلیکترۆنیك IEEE کە پەیمانگایەکی نێودەوڵەتییە تایبەتە بە دانانی ستاندەراتی سیستمی گواستنەوە، ستانداردی IEEE 802.3, IEEE 802.3U وەرگرتووە، و ستانداردی بنەڕەتیشی کە پێی ناسراوە برتییە لە HomePlug 1.0.1. و هەروەها بڕوانامەکانی FCC, CE, HomePlug 1.0.1 وەرگرتووە.

ئەم خزمەتگوزارییە چەندین کۆمپانیای ناسراوی جیهانی بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پاڵپشتی دەکەن و بەرهەمی دەهێنن ئەم کۆمپانیایانە لە رێکخراوێکدان کە ناسراوە بە ( HomePlug Powerline Alliance ) کە نزیکەی 70 کۆمپانیا ئەندامن لەو رێکخراوە لەوانە:

Intelogis, Intellon , CONEXSANT, HUWEI, LG, TCL, SONY , SHARP, Intel, Cisco-Linksys, SAMSUNG, MOTOROLA و چەندینی تر.. ئەمەش سایتی فەرمی ئەم رێکخراوەیە ( www.homeplug.org).

بوونی ئەو بڕوانامانەو ستانداردانەو بەرهەمهێنانی لەلایەن کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهانی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم خزمەتگوزارییە زۆر سەلامەتەو هیچ زیانێکی نییە نە بۆ کەلوپەل و ئامێرەکارەباییەکانی ناوماڵ وە نە بۆ کۆمپیوتەرەکان.

بۆ خزمەتگوزاری پاوەرلاین لەلایەن کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان هەموو پارچە پێویستەکانی تۆڕەکە دەستەبەرکراوە جا چ بە وایەر بێت یاخود بێ وایەر Wireless. لەوانەش:

دوو جۆر لە تەکنەلۆژیای پاوەر-لاینمان هەیە: یەکەمیان پێی دەوترێت Passport کە لەلایەن کۆمپانیای Intelogis بەرهەم هاتووە کە ئەمەیان کۆنە. وە دووەمیان پێی دەوترێت PowerPacket, کە لە لایەن کۆمپانیای Intellon وە پەرەی پێدراوە کە ناونراوە HomPlug Alliance کە ئێستا وەکو ستانداردێکی تۆڕی پاوەر-لاین ناسراوەو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.




هەریەك لەم دوو جۆرە شێوازی جودا بەکاردەهێنن بۆ دروست کردنی تۆڕی پاوەر-لاین، ئێمە لەم باسەماندا هەوڵ دەدەین زیاتر باس لە جۆری دووەمیان بکەین.

تەکنەلۆژیای پاوەرپاکێت ئینتیلۆن ( Intellons PowerPacket) پشت بە ستانداردی ( HomePlug Powerline Alliance) دەبەستێت، وشێوەی چاککراوی ( orthogonal frequency-division multiplexing (OFDM)) بەکاردەهێنێت لەگەڵ ( forward error-correction) وەکو ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە مۆدێمی ADSL بەکاردێت.

لە OFDM دا ئەو لەرەلەرانەی frequencies کە دروست دەبن لە سەر سیستەمی کارەباکەدا لە نێوان (4.3 تا 20.9) مێگا هێرتزن کە دابەشکراون بەسەر 84 بەشدا. OFDM لە یەك کاتدا پاکێتی داتا بە شێوەی کۆمەڵێك لە لەرەلەری هەڵگری ئەنەلۆگی دەنێرێت، کە ئەمەش وا دەکات کە خێرایی گواستنەوەی داتاکان زیاد بێت و بە تەواوی داتاکان بگوازرێنەوە. لەکاتی بوونی ژاوەژاو noise یاخود روودانی بەرزبوونەوەی ڤۆڵتیە لەسەر یەکێك لە لەرەلەرەکان ئەوا یەکسەر چیپی پاوەر پاکێت PowerPacket chip هەست بەم گۆڕانکارییە دەکات و داتاکان دەخاتە سەر لەرەلەرێکی تری بارهەلگر بۆ گواستنەی داتاکان بە سەلامەتی بۆ شوێنی مەبەست. ئەم تەکنیکەش لە پاوەر پاکێت وا دەکات کە داتاکان بەبێ هیچ ون بوونێك بگوازرێنەوە لە ناو تۆڕی پاوەر-لاین.




شایانی باسە پاوەر پاکێت ئینتیلۆن خێرایی گواستنەوەی داتای جۆراو جۆری هەیە کە بریتین لە: 14 مێگابت لە چرکەیەکدا ، 85 مێگا بت لە چرکەیەکدا، وە لەم دواییانەش 200 مێگابت لەچرکەیەکدا کە ئەمەی دواییان دوو ئەوەندە خێراترە لە ئیسەرنێتی خێرا (Fast Ethernet) کە خێراییەکەی 100 مێگابتە لە چرکەیەدا. و دووری کارکردنی ئەم تۆڕە نزیکەی 200 مەترە.

لێرەدا نمونەیەکی سادەی تۆڕێکی ماڵ بەشێوەی پاوەرلاین باس دەکەین :

ژووری A ژووری سەرەکییە، کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و پرینتەری تێدایە، بێ گومان لەگەڵ کۆمپیوتەر، لێرەدا دەمانەوێت هەردوو ژووری B و C یش بەشدار بکەین لە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و پرێنتەرەکەو بەشداری لە فایلەکانی کۆمپیتەری ژووری A . لە ژووری A پێویستیمان بە راوتەرێك دەبێت بۆیە Powerline Router بەکار دەهێنین. ژووری B لاپتۆپێکی تێدایە کە خزمەتگوزاری Wi-Fi تێدایە کە بێ تەلە بۆیە پێویستمان بە Wireless Powerline Access Point دەبێت.

گریمان ژووری C چەند کۆمپیوتەرێکی کەسی PC تێدایە بۆیە پێویستیمان بە Powerline Ethernet Bridge ی چەند پۆرتی دەبێت بۆ بەستنەوەی کۆمپیوتەرکان بەیەکەوە.

دەتوانین لە کۆتاییدا تایبەتمەندییەکانی تۆڕی پاوەر-لاین لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

1- هەرزانی لە نرخ و تێچووندا ( بۆ هەر کۆمپیوتەرێك نزیکەی 50 دۆلارە).
2- خێرایی گواستنەوەی داتا (14, 85, 200) مێگابت لە چرکەیەکدا.
3- پێویستی بە تێچووی زیاد نییە لە راکێشانی وایەر بەڵکو هەر وایەر و سویچ پلاکی کارەبا بەکاردەهێنرێت.
4- بۆ هەموو سیستەمەکانی کارپێکردن گونجاوە وەك (ویندۆز، ماکینتۆش، لینۆکس وە هەر سیستمێکی تر کە بە ستانداردی TCP/IP کار بکات).
5- هەردوو جۆری تۆڕی بە وایەر و بێ تەلی هەیە.
6- هیچ زیانێکی بۆ سەر ئامێرە کارەباییەکانی ماڵ و بۆ سەر کۆمپیوتەرەکان نییە.
7- بە پێی ستانداری IEEE 802.3, IEEE 802.3U کار دەکات لە لایەن IEEE .
8- دووری کارکردنی ئەم تۆڕە نزیکەی 200 مەترە.
9- ئەم تەکنەلۆژیایە لەلایەن رێکخراوی HomePlug Powerline Alliance پشتگیری دەکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانیت سەیری ئەم سایتانە بکەیت:

http://www.intellon.com
http://www.homeplug.org
http://computer.howstuffworks.com/power-network.htm
http://www.tech-faq.com/power-line-networking.shtml

# سێ هۆکار دەبێتە هۆی خاوی کۆمپیوتەر

کامەران خۆشناو

١- دابەزاندنی گەلێك بەرنامە کە لەوانەیە گرنگ نەبن.
٢- نەگونجانی هەندێ کارت لەگەڵ ئامێرەکە.
٣- بەستنی کارتی جۆراو جۆر ، بە تایبەتی کارتی ڤیدیۆو کارتی سیدی رایتەر.
٤- بوونی هەڵەو لەکارکەوتنی یەکێك لە مەلەفەکانی سیستەم ، کە لەسەر ئامێرەکەیە.
٥- جیاوازی ئەو رامانەی (RAM) کە دادەنرێن بۆ ئامێرەکە ، دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە.
٦- بوونی هەندێ هەڵەی تەکنیکی لەسەر بۆڕدی دایك ( mother board) ، بەتایبەتی کارتەکان و رامەکان.
٧- بەرێکی دانەبەزاندنی بەرنامەی (zone alarm) ، کە ئەویش هۆکارێکە بۆ خاوی کۆمپیوتەر.
٨- کردنەوەی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بێ ئەوەی پەیوەند بیت بە تۆڕ.
٩- کردنەوەی لاپەڕەکانی رەشی ئینتەرنێت.
١٠- کردنەوەی بەرنامەی وۆرد لەکاتی بینینی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت.
١١- گواستنەوەی خێرا بەسەر لاپەڕە کراوەکانی ئینتەرنێت.
١٢- بەرنامەی ( anti virus) ئەگەر بەتەواوی دانەبەزێنرێت.
١٣- کردنەوەی بەرنامە دابەزێنراوەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت.
١٤- زۆربوونی پێکبەستراو، کە بەدیار دەکەون لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت.
١٥- پەستانی کۆمپیوتەر، ئەویش بەکردنەوەی پەنجەرەی زۆر.
١٦- کردنەوەی ئەو مەلەفانەی کە لەلایەن ماسنجەرەوە دەنێردرێن.
١٧- کردنەوەی سایتەکانی بەدڕەوشتی ( سایتی سێکسی) ، کە گەورەترین هۆکارن بۆ دروست بوونی دەیان کێشە
١٨- پەستان لەسەر هارد دیسك، بەهۆی زۆری بەرنامە دابەزاندن.
١٩- زۆر وەرگرتنی وێنە لەسایتەکان.
٢٠- بوونی ڤایرۆس لەناو ئامێرەکە.
٢١-- نوێ نەکردنەوەی بەرنامەی ئەنتی ڤایرۆس بە شێوەیەکی بەردەوام.
٢٢- چارەسەرنەکردنی گرفتەکان، لە رێی بەدواگەڕانیان و مانەوەیان تا زۆر دەبن.
٢٣- دابەزاندنی ویندۆز لەسەر ویندۆز، بەبێ فۆرمات کردن.
٢٤- کارپێکردنی هەندێ سیدی ناتەواو.
٢٥- تەواو نەبوونی سیدی وینۆز، کە لەکاتی دابەزاندنی ویندۆز روودەدات.
٢٦- هەڵنەسان بە کرداری چارەسەری چاکردنەوەی ئامێر، بە شێوەیەکی بەردەوام.
٢٧- لانەبردنی مەلەفاتی کاتی پارێزراو (Temp).
٢٨- لانەبردنی مەلەفاتی کاتی ئینتەرنێت، کە هێشتنەوەیان دەبێتە هۆی زۆربوونی ئەم مەلەفانە ، و دوایی دەبێتە گرفت.
٢٩- نەپشکنینی دیسکەکان ، و خاوێن نەکردنەوەیان، وە سەفتە نەکردنیان.
٣٠- کارپێکردنی بەرنامەی (real player) بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا ، لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت.



# چەند دەستەواژەیەك بۆ دەستپێکەران

■ دوور لە ئاڵۆزی سەرچاوەکانی تایبەت بە دەستەواژەکانی ئینتەرنێت هەڵدەسین بە باس کردنی هەر دەستەواژەیەك بە شێوەیەکی سووك و ئاسان، بۆ ئەوەی خوێنەری سەرەتا تێی بگات.

### ئینتەرنێت

ئینتەرنێت یاخود نێت (NET) پێکهاتووە لە تۆڕێکی کۆمپیوتەری زەبەلاح، کە ئەویش پێکدێت لەچەندین تۆڕی بچوکتر، بەوەی کەوا هەر کەسێك بتوانێت پەیوەندی بکات بە ئینتەرنێت وە لەنێو ئەو تۆڕدا بسوڕێتەوە، و بتوانێ هەموو زانیارییەکان بەدەست بخات، یاخود لەگەڵ هەر کەسێك گفتوگۆ بکات لەهەر شوێنێکی جیهاندا بێت.

### وێب یاخود www

کورتکراوەی دەستەواژەی world wide web))ە، کە بریتیە لە هۆکارێکی ئاسان بۆ گەیشتن بەزانیاری لەنێو ئینتەرنێتدا، و بریتیە لەو لاپەڕانەی کە دەنوسرێنەوە بە زمانێك بەناوی HTML، و دەتوانرێ لەنێو کۆمپیوتەرەکەتدا پیشان بدەیت بەهۆی بەرنامەیەکی تایبەت کەناو دەبرێت بە Browser.

### URL

رێبەرێکە بۆ چوون بۆ شوێنی لاپەڕەکان و سایتەکان لەسەر ئینتەرنێت، کە بریتیە لە ناونیشانی سایتەکە وە بە http:// دەست پێدەکات.

### Browser

بریتیە لەبەرنامەیەکی تایبەت بۆ پیشاندانی زانیاری لەسەر ئینتەرنێت، و لەرێیەوە دەتوانین بگەڕێین بۆ هەربابەتێك یاخود بچینە نێو هەر سایتێك، و تەنها بەزانینی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە دەتوانی بەتەواوی مەلەبکەیت بەنێو تۆڕی ئینتەرنێت، و لەبەناوبانگترین لاپەڕە هەڵدەرەوەکان internet explorer و netscape و opera..... هتد.

### HTML

کورتکراوەی hyper text markup language کە بریتیە لە زمانێك کە لاپەڕەکانی وێبی پێ دەنوسرێتەوە، و بەتەنها بە فێربوونی ئەم زمانە دەتوانین سایتێك دیزاین بکەین و بلاوی بکەینەوە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی بەرنامەی ئاسان بۆ دروستکردنی سایتی ئینتەرنێت زۆر کەم خۆی فێری ئەم زمانە دەکات.

www.c4kurd.com

# ئەو سایتەی کە پارساڵ نەدرا بە ٩٠٠ ملیۆن دۆلار و ئەمساڵ ١٠ ملیار دۆلاری پێــــدرا




**هێمــن فـاتـــح**

■ وەکو لە ژمارەی رابردووی هەفتەنامەی سی فۆر کورد لە هەواڵێکی تایبەت بەم سایتە پێمان راگەیاندن کە لەم ژمارەیە مێژووی ئەو سایتەتان بۆ باس دەکەین کە پار کۆمپانیای یاهوو هەوڵیدا بە ٩٠٠ ملیۆن دۆلار بیکرێت و خاوەنی سایتەکە نەیفرۆشت و ئێستا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و گۆگڵ لە کێبرکێن بۆ کرینی و هەتا ئێستا ئامادەن ١٠ ملیار دۆلار بدەنە خاوەنی سایتSەکە تاکو بیفرۆشێت و هەتا ئێستاش یەکلایی نەبۆتەوە.

رەنگە زۆرمان لا سەیر بێت کە سایتێك ئەو نرخەی کردبێت لە ساڵی پارداو ئێستاش زیاد لە دەئەوەندە لە نرخی زیادی کردبێت، دەبێت چ سایتێك بێت و بۆ بەو شێوەیە کۆمپانیا بە ناوبانگەکان لە هەوڵی کرینیدان.

بێگومان ئێمە لە دوو ژمارەی رابردووی سی فۆر کورد و هەولیش دەدەین لە ژمارەکانی داهاتوش بە پێی توانا باس لە مێژووی ئەو سایت و کۆمپانیا بەناوبانگانە بکەین کە چۆن گەیشتونەتە ئەو ئاستەو بێگومانیشم کە سودو پەندو عیبرەتی زۆری تێدایە بۆ ئێمەش. بۆیە چەند بتوانین بەردەوام دەبین لە باسکردنی مێژوەکانیان.

(مارك جوکەربیرج)

گەنجێك بوو لە زانکۆی بەناوبانگی ئەمریکی (هـــاردفـــۆرد) لەپێش کۆمپیوتەرەکەی لە بەشە ناوخۆیی زانکۆدا دەستی کرد بە دروستکردنی سایتێك، بەڵام بە بەرنامەیەکی جوان تۆکمە کە دەیزانی بۆچی دروستی دەکات و بۆچی بەکاری دەهێنێت. سایتەکەشی بریتی بوو لە کۆکردنەوەی وێنەی و نوسین و یەکترناسینی هاورێکانی لە زانکۆی ناوبراو و بتوانن لە رێگەی سایتەکەوە نامەو وێنە بۆ یەکتر بنێرن و لەلایەکیشەوە بتوانن لەم رێگەیەوە کاری یەکترناسین بکەن و هەوال بۆ یەکتر بنێرن و رای خۆیان لەسەر کێشەو کارەکانیان دهرببرن.

مارك کە لە ناو قوتابیەکانی هاورێیدا بە ئالودەبویەکی لە رادەبەدەر ناسرا بوو لەگەڵ ئینتەرنێت و زۆربەی کاتەکانی بە کارکردن لەسەر ئینتەرنێت بەسەر دەبرد، بەڵام کاتێك ئەو سایتەی دروستکردن بیری لەوە نەکردبوەوە کە رۆژێك بیکاتە سایتێکی ریکلام و شتی خەڵکی تێدا بڵاوبکاتەوە، تەنها بیری لەوە دەکردەوە بەهۆی ئەو سایتەوە هاورێکانی کۆبکاتەوەو لەیەکتر نزیك ببنەوە ئاسانکاریەك بێت بۆ هەواڵ زانینی یەکتر.

ئەم کارەشی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ناو سایتێك کرد بە ناوی Facebook کە بە شێوەیەکی زۆر خێراو چاوەروان نەکراو لە ناو قوتابیەکانی زانکۆی هاردفۆرد بلاوبویەوە، چونکە شتێك بوو کە هەموو قوتابیەکان پێویستیان پێی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا مارك بەوەوە نەوەستاو هەوڵی دا سایتەکەی فراوانتر بکات و تەنها لە دوو توێی زانکۆکەی خۆیان نەوەستێ و هەوڵی دا قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی بتوانن بەشدار بن و زیاتر لە ژیانی قوتابیانی زانکۆ شارەزا بن.

بەم شێوەیە سایتی facebook تا دوو ساڵ تەنها لە نێو قوتابیانی زانکۆو ئامادەیی بڵاو بویەوەو بەکاردەهات واتا تا نزیکی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ تاکو بیری لەوە کردەوە کە خەڵکی دەرەوەی خویندنیش بەکاری بهێنن. هەر بۆیە لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵ بەشێوەیەکی زۆر خێرا ژمارەی بەکارهێنەرەکانی بوو بە زیاتر لە ١٢ملیۆن بەکارهێنەر و لە ماوەی ئەم دە مانگەی رابردوو گەیشتە ٤٠ ملیۆن بەکارهێنەر و واش پێش بینی دەکەن تا کۆتایی سالی ٢٠٠٧ ئەندامەکانی بگاتە ٥٠ ملیۆن کەس، ئێستا ئاستی سایتەکە لە جیهاندا بە پیی سایتی ئەلێکسا حەوتەم سایتە لە سەردانکردنیدا.

ئەگەر سەیر بکەین پیشکەوتن و سەرکەوتنێکی زۆر سەیرە کە ئەم سایتە لەم ٣ سالەی تەمەنی چۆن وای لێهات؟؟!! بێگومان یەکێك لەسەرکەوتنەکانی ئەم سایتە ئەوەیە کە ئەوەی تێدایە کە خەڵك پێویستی پێیەتی و زیاتر لە بواری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری کاردەکات، هەوڵی داوە جار بە جار زیاتر بوارەکانی خزمەتگوزاری تێدا زیاد بکات و بۆیە ساڵی پار کۆمپانیای یاهوو هەوڵی دا ئەم سایتە لە مارك بکریت بە بری ٩٠٠ ملیۆن دۆلار و کەچی (مارك) ی تەمەن ٢٣ ساڵ ئامادە نەبوو بیفرۆشێت، کە زۆرییێك ئەم کارەیان بە شێتانە لە قەلەم دەداو هەستیان دەکرد لە کۆتاییدا مارك زۆر پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام نەفرۆشتنی ئەم سایتە لە لایەن مارکەوە بۆ ئەوە دەگەرایەوە کە ئەو هەستی دەکرد کە سایتەکەی ئەو زۆر بەنرخترە لەو نرخەی ئێستا پیی دراوەو بۆ رۆژنامەی فاینەشناڵ تایمزی بەریتانی مارك وتی: سایتەکەی من زۆر بەنرخترەو لەو پارەیەی کە پێدراوەو ئەو ماندوو بونەو کارەی ئەو سایتە دەیکات بەرامبەر پارەیەکی زۆر لەوە زیاترەو ئەگەر ئێمە لەو بروایەدان پەیوەندیەکانی نێوان ئەوانەی بەشدارن زۆر گرنگترە لەو پارەیە.

کات قسەکەی مارك ی پشتراست کردەوەو سەلما کە بەڵی ئەو سایتە زۆر لەو پارەیە بەنرخترەو رۆژنامەی ئابوری بەناوبانگی ئەمریکی Wall Street Journal نوسویەتی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئەمساڵ دەیەوێت لە ٥٪ ی سایتەکە بکرێت بە نرخی نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن بۆ ٥٠٠ ملیۆن دۆلار کە ئەوەش نرخی سایتەکە دەگەیەنێتە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار.

بێگومان ئەو هەنگاوانەی کە مارك نای لە سەرەتای کارەکەیەوە کە بە بەرنامەو ریك و پێکی کردی بەرهەمەکەی ئەوەی لێکەوتەوە کە ئێستا دەبینرێت، بەڵام ئەمەش بێ سەرئێشەو کێشە نیەو زۆر کێشە لەبەردەم مارك دا هەیە بۆ بەرەو پێش بردنی و پێشخستنی سایتەکەی، لەوانە زۆرجار کێشەی کاری نابەجێی دەستدرێژی نا ئەخلاقی بەسەر ئەندامەکان دێت و داوای یاسایی زۆری لەسەر دەنوسرێت، چونکە سایتی تایبەت بە یەکتر ناسین و هەواڵ زانینی یەکتری کە خۆی لە سایتی کۆمەلایەتی دەبینێتەوە لەو کێشانە بێ بەری نین،



جگە لەوەی مارك سایتی myspace ی لە پێشە کە بە گەورەترین سایتی کۆمەلایەتی و یەکتر ناسین دەژمیرێت و زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن ئەندامی هەیە و بە گەورەترین سایتی ئەو بوارە دەژمێردرێت لە جیهاندا.

جگە لەمانەش زۆرکەس مارك و گیتس ی خاوەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەیەکتر دەشوبهێنن کە هەردووکیان لە بیستەکانی تەمەنیان کاریان دەست پێکردوەو بونەتە خاوەنی ملیۆنان دۆلار هەرچەندە بیڵ گیتس نەیتوانیوە خوێندنی زانکۆ تەواو بکات بەهۆی سەرقاڵی بە کارەکانی کۆمپیوتەرەوە، هەرچەند مارك هێشتا زۆری ماوە بگاتە گیتس کە بە دەوڵەمەنترین کەسی جیهان دەژمێردێت و خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای تایبەت بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریە لە جیهاندا.

www.facebook.com

OPEN

## گرنگی سایتی ئینتەرنێت لە رووی خۆناساندن و بازرگانیەوە

**بەرێوەبەری نووسین**

■ لەگەڵ زیادبوونی رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە کوردستان بە تایبەتی و لە جیهاندا بەگشتی، پێویستی دروستکردنی سایت بۆ کۆمپانیاو دام و دەزگاو شوێنە بازرگانیەکان بووەتە زەرورەت. ئەگەر بێتو ئینتەرنێت تەنها بۆ ئیمەیل و چات و سەیرکردنی چەند سایتێك بەکاربهێنرێت ئەوا ئێمە نەمان توانیوە سوود لەو هەموو توانا بێ شومارەی ئینتەرنێت وەربگرین وەکو گەلانی تری دونیا، بۆیە پێویستە تا زووە فریای خۆمان بکەوین و بزانین چۆن ئەو توانایانەی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت ئیستغلال بکەین بۆ بەرژەوەندی خۆمان.

سایتی ئینتەرنێت بریتییە لە کۆمەڵێك داتاو زانیاری کە پاشەکەوت (save) کراوە لەناو کۆمپیوتەری تایبەت کە پێیان دەوترێت سێرڤەر، وە بڵاوکردنەوەیان لە رێگەی تۆرێکی زەبەلاحی جیهانییەوە کە پێی دەوترێت تۆری ئینتەرنێت، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانە لە سەرتاسەری جیهان ببینرێت و بەکاربهێنرێت بەمەبەستی گۆرینەوەی زانیارییەکان. وە هەر کەسێك یا کۆمپانیا یا دامودەزگا دەتوانێت بۆ خۆی سایتێك دروست بکات لەسەر ئەم تۆرە جیهانیە بەو مواصەفاتەی کە خۆی دەیەوێت و حەز دەکات چی لەناو سایتەکەی دابنێت.

دوا سەرژمێری بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا بە گوێرەی سەرژمێری رێکخراوی یەکێتی گەیاندنی نێودەوڵەتی (ITU) و رێکخراوی Nielsen//NetRatings کە لە 30 ی ئەیلولی 2007 ئەنجامدراوە بریتییە لە 1,244,449,601 (یەك ملیارو دووسەدو چل و چوار ملیۆن و چوار سەدو چل و نۆ هەزارو شەش سەد و یەك) بەکارهێنەر لە سەرتاسەری جیهاندا. جێی ئاماژە پێکردنە ژمارەی بەکارهێنەران لە ساڵی 2000 تا 2007 بە رێژەی 244.7 % زیادی کردووە. دیارە بە زیاد بوونی ژمارەی بەکارهێنەران گرنگی سایتەکانیش زیاتر دەبێت.

بوونی سایتێکی تایبەت بە کارەکەت لەسەر تۆری ئینتەرنێت هەنگاوێکی گرنگە و بنەرەتیە بۆ دوارۆژی کارەکەت وە بۆ مانەوەت لە کێبرکێکەدا لەگەڵ هاوکارەکانت. ئینتەرنێت کێشەی شوێن و کات و سنوورەکانی نەهێشتووە وەکو دەڵێن جیهانی کردووە بە گوندێك، لەکاتی بوونی سایتێکی تایبەت بە کارەکانت ئەوا مانای ئامادەبوونتە لە هەموو بستە زەوییەك کە ئینتەرنێتی لێیە کەلوپەل و کاڵاکانت بەردەوام لە 24 کاتژمێرو لە هەموو رۆژانی هەفتەدا بێ پشوودان ئامادەبوونیان هەیە. ئەگەر ئەمرۆ بوونی سایتێك بۆ کارەکانت پێویست بێت ئەوا بەیانی پێویستترە.

لە کوردستانی خۆمان بەداخەوە تا ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی راست و دروست سوود لە ئینتەرنێت وەربگیرێت وەکو تەکنەلۆژیایەکی سەردەم، بەڵکو لە چەند بوارێکی تەسك سوودی لێ بینراوە وەك ئیمەیل و چات و کردنەوەی سایتەکان (براوسینگ) و زۆر بە کەمیش بۆ خۆناساندن و رێکلام کردن بۆ کەلوپەل و کاڵاکان، بەڵام ئێستاکە لە وڵاتانی دونیا هەم دام و دەزگاکانی حکومەت لە رووی خۆناساندن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان وە هەم کۆمپانیاو شوێنە بازرگانیەکان لە رووی خۆناساندن و رێکلام و بازرگانی ئەلیکترۆنی سوودی زۆریان لە ئینتەرنێت بینیوە.. ساڵانە ئاڵۆگۆری دراو بە ترلیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت لە رێگەی ئینتەرنێتەوە لە نێوان بانکەکان و دام و دەزگا بازرگانیەکان و هاوڵاتیان.

قازانجی ساڵانەی کۆمپانیا بازرگانیەکان دەگاتە ملیۆنەها دۆلار بۆ نموونە سایتێکی وەکو ئەمەزۆن دۆت کۆم بە ماوەی کەمتر لە 20 ساڵ بووە خاوەنی 8.8 ملیار دۆلار ئەویش بە هۆی تەنها فرۆشتن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە. نموونەی تر زۆرن لەم بوارەدا وەکو سایتی ebay سایتی کۆمپانیا ناسراوەکانی جیهان وەك مایکرۆسۆفت، سیسکۆ، دیل، HP، .... هتد و دەیان کۆمپانیای تر لە بواری بانکی و ئەندازیاری و پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان قازانجی ساڵانەیان ملیۆنەها دۆلارە لە رێگەی فرۆشتنی کاڵاکانیان لەناو ئینتەرنێتدا.

بەداخەوە لە کوردستانی خۆمان لەبەر چالاك نەبوونی بانکەکان بە گشتی وە بەتایبەتی لە بواری سیستمی ئەلیکترۆنی ئالوێری بانکی نەتوانراوە سوود لە بازرگانی ئەلیکترۆنی وەربگیرێت، چونکە ئەگەر تۆ نەتوانیت حیسابی بانکی ئەلیکترۆنیت هەبێت، چۆن دەتوانیت لە رێگەی ئینتەرنێتەوە شت بکرێت یان بیفرۆشیت.. بۆیە هیوادارم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وە ئەو بانکانەی کە لە کوردستان کار دەکەن بیر لە چالاك کردنی ئەم بوارە بکەنەوە، چونکە ئەم کارە سوودمەند دەبێت بۆ هەموولا.

## لە بەرنامەی وۆرد فرمانەکانی لیستی مینیو بارِ بکە بە کوردی

**بەختیار سەباح رواندزی**
baxtear_80@yahoo.com



■ وۆرد یەکێکە لە بەرنامە هەرە باشەکانی جیهان، کە بەرهەمی کۆمپانیای (مایکرۆسۆفت ئۆفیس)ە، ئێستا لە زۆربەی دامودەزگاکان بەکاردێت، بۆ کاروباری ئیداری، نەخشەسازی، چاپکردنی کتێب و ...هتد، تا پێ دەچێش وردەکاریەکانی ناو ئەو بەرنامەیە ئاشکرا دەبن، زیاتر خزمەت بە بەکارهێنەرانی دەکات.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ فرمانەکانی لیستی مینو بارِ بکەین بە کوردی، ئەمەش زیاتر بۆ منداڵان پێویستە کە لە قۆناغی سەرەتاین، بۆ ئەمەش پێویستمان بە هیچ بەرنامەیەك نابێت، بەڵکو لە ناو بەرنامەی وۆرد کارەکە جێبەجێ دەکرێت.

سەرەتا دەچینە سەر لیستی (Tools)، ئنجا کلیك لەسەر فرمانی (customize) دەکەین،




پەنجەرەیەك دەکرێتەوە، وەك وێنە (1).

دواتر دەچینە سەر لیستی مینو بارِ هەر فرمانێکمان ویست بیگۆرین، کلیکی راستی لەسەر دەکەین، لە شوێنی (Name) کە ناوی فرمانەکەی لێ نوسراوە، کلیك لەوێ دەکەین و ناوەکە دەسرینەوەو فرمانەکە دەکەینە کوردی، وەکو ئەوەی من هەندێ لە فرمانەکانم کردۆتە کوردی، وێنە(2).



# بەکەمترین هەنگاو ببە خاوەنی سایتی تایبەت بە خۆت بە خۆڕایی

## بەشی دووەم و کۆتایی

■ لەبەشی یەکەمی بابەتەکەماندا باسمان لەوە کرد کە چۆن دەتوانین سایتێك وەبگرین لەیەکێك لەو سایتانەی خزمەتگوزاری سایتی خۆراییان هەیە و پێشکەشی دەکەن بە ئەندامەکانیان بە شێوەیەکی پرۆگرامکراوی و حازر لە زۆربەی شتەکانیدا.

سایتەکەشمان بە ناوی araskurdi.kurdblogger.com وەرگرت و ئەوەی لەم بەشەی کۆتاییدا پێویستە ئەوەیە کە بزانین چۆن بابەتەکانمان لە ناو ئەو سایتە بنوسین و بڵاوی بکەینەوە.

سەرەتا دەچینەوە ناو سایتەکە سەرەکیەکە کە سایتەکەمان لێوەرگرتوە بەم ناونیشانە www.kurdblogger.com و کە ئەم روکارەمان بۆ دەر دەچێت:




لەو شوێنەی کە هێمامان بۆ داناوە وەکو شێوەی نوسینەکەی ئێمە تۆش ناوی بەکارهێنەرو وشەی نهینی بنوسە. کاتێك دەینوسیت کلیك بکە لەسەر بچۆ ناو ژووری وێبلاگ، ئەم روکارەت بۆ دەردەچێت:




ئەم روکارەی ئەو بەر شوێنی کۆنترۆل پانەڵی سایتەکەمانە، بۆ ئەوەی بابەتەکانمان بڵاو بکەینەوە لەو شوێنەی هێمامان بۆ کردوە و نوسراوە بابەتی نوێ کلیك بکەو ئەم روکارەی خوارەوەت بۆ دەردەچێت:




لەم روکارە تێبینیەك هەیە حەز دەکەم بیزانن.

کاتێك دەتەوێت بە کوردی بنوسیت ئەوە وەکو لەبەشی یەکەم باسمان کرد کاتێك کلیك لەسەر شوێنێك دەکەیت چوارگۆشەیەکی بچوك دەردەچێت و پێت دەڵێت بە KU دەنوسیت یان بە EN، بێگومان دەبێت ئەوە بزانیت کە نوسین لە نیو ئینتەرنێت دەبێت بە یونیکۆد بێت و بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی سایتی www.c4kurd.com بکە تاکو بزانیت چۆن بە یونیکۆد بنوست، کاتێك ئەو کارەت کرد ئەوە دەبیت EN هەڵبژێریت و ئەوکات دەتوانیت بەو شێوەیەی لە سایتی سی فۆر کورد نوسراوەو بە دریژی باسی ئەوە کراوە چۆن دەتوانی بە کوردی بنوسیت.

ئەگەر هەر کێشەت هەبوو ئەوە هەوڵ بدە بە کوردی لە وۆرد بینوسەو ئەوکات لەو شوێنەی مەبەستتە پەیستی بکە.

بەهەرحاڵ ئەوەی لە وێنەکەی سەرەوە دەیبینین سێ شوێنمان دەستنیشان کردوە کە هەریەکەیان بەو شێوەیەی ئەو بەرەوە کاری تێدا دەکەیت:

یەکەم: لەوێدا ناونیشانی ئەو بابەتە بنوسەکە دەتەوێت بڵاوی بکەیتەوە.

دوهەم: درێژەی بابەتەکە بنوسەو لێرەدا دەتوانیت قەبارەی نوسین و رەنگ و زۆر کاری تر بکەیت و نوسینەکانت بەو شێوەیەی کە دەتەوێت دەستکاری بکەیت.

تێبینیەکی بچوك: ئەو کارەی باسمان کرد لەسەرەوە بۆ هاتنی لاپەرەکە تۆزێك کاتی دەوێت و خۆشتان دەزانن ئینتەرنێتی کوردستان زۆر خێرا نیە بۆیە کەمێك ئارامگرتنی دەوێت تاکو بە تەواوی دەر دەکەوێت.

سێهەم: دوای تەواو بونی نوسینەکانت ئەوکات کلیك لەسەر (بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە لە وێبلاگ) بکەو بابەتەکەت بلاو دەبێتەوەو ئەگەر سەیری لینکی سەرەتای سایتەکەت بکەیت ئەوا بەم شێوەیە دەردەکەوێت:




وەکو دەبینین لێرەدا لە لاپەرەی سەرەکی سایتەکەماندا بابەتەکە بڵاو بۆتەوەو رێکەوتی بڵاو بونەوەکەشی لێداوە. جگە لەوەی خۆی دەیخاتە ئەرشیفەوە.

ئەمە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە لە ناو سایتەکەت، ئیتر دەتوانیت چەندت بوێت ئەوەندە بابەت بڵاو بکەیتەوەو وێنەو لینکی تری لەگەڵدا بێت.

ئەوەی ماوە باسی بکەین ئەوەیە کە دەتوانیت هەندێك گۆرانکاری تر لە سایتەکەتدا بکەیت ئەویش بە چونە ناو بەشی (تایبەتمەندیەکان) لە کۆنترۆڵ پانەڵی سایتەکەت. لەوگۆرانکاریانەی کە دەتوانیت بکەیت ئەوەیە کە ناوی سایتەکەت و کورتەیەك لەسەر سایتەکەت و ژمارەی بابەتەکانی یەك لاپەرەو دەستکاری کردنی ئەو تێبینیانەی کە بۆ بابەتەکان نوسراوەو پیشانی تەنها سەردێرو قەدەغەکردنی ئەو ئای پیانەی کە دەتەوێت.

بەو شێوەیەکی کە لە دوو بەشدا باسمان کرد دەتوانیت ببیتە خاوەنی سایتێك کە خۆی هەموو کارەکانت بۆ دەکات و ئەرشیف و بەروارو زۆر کاری ترت بۆ رێکدەخات.

ئەو بەشانەی کە تێیدایە دەتوانیت خۆت دەستکاریان بکەیت و لەبەر ئەوەی کە بە کوردیش نوسراوە دەتوانیت بە ئاسانی لێی تێ بگەن. بەو ئومێدەی هەموان بتوانن سودی لێ ببینن.

# پرسیار و وەڵام



**■ هەفتانەمەی سی فۆر کورد وەك تاکە رۆژنامەی تایبەت بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەپێویستی زانی بەشێك لەهەفتە نامەکە تایبەت بکات بە پرسیار و وەڵام تاوەکو خوێنەرە ئازیزەکان و هەموو ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن هەر پرسیارێکیان لە بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تۆری ئەلکترۆنی و مۆبایل و هەر بەشێکی تری ئای تی هەبێت، پرسیارەکەیان بنێرن بۆ گۆشەی پرسیارو وەڵام لە رێگەی ئەم ئیمەیلەوە np@c4kurd.com ئێمەش بەپێی توانا وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەینەوە.**

هەڵبەتە بیرۆکەی کردنەوەی گۆشەیەکی واپێویست لە رێگەی پرسیاری چەند ئازیزێکەوە بوو کە ئیمەیڵیان بۆ ناردبووین بۆیە ئێمەش بەپێویستمانزانی لەبری ئەوەی تەنها بەئیمەیڵ وەڵامیان بدەینەوە لێرەش وەڵامەکان بڵاو بکرێتەوە تاوەکو هەموومان سودمەندبین لەو پرسیار و گرفتانەی کە رۆژانە لەکاتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر روبەڕوی دەبینەوە.

*** پرسیاری (عەبدالرحمن ناصح): کاتێك کۆمپیوتەرەکەم پێدەکەم هیچ ئایکۆنێك لەسەر دیسك تۆپ پیشان نادات تەنها تاسکبار نیشان دەدات زۆر هەوڵمدا بەڵام بۆم چاك نەکرا، بۆ زانیاری بەرێزیشتان ویندۆزی کۆمپیوتەرەکەم ئێکس پییە؟**

وەڵام: بۆ چارەسەری ئەو گرفتە کلیکی لای ڕاست لەسەر دیسك تۆپەکەت بکە و لیستێك دەکرێتەوە پاشان لەناو لیستەکە ماوسەکە ببە سەر ئەو شوێنەی کە نوسراوە (Arrange Icons By) پاشان کلیك لەسەر (Show Desktop Icons) بکە.

*** پرسیاری ( جەزا حەمەلاو): لەناو ویندۆی (My computer)دا لە لیستی (Tools)دا کۆماندی (Folder Option) نەماوە و منیش زۆر ئیشم پێیەتی هەرچیم کرد بۆم نەگڕایەوە کۆمپیوتەرەکەشم سکان کرد بە ئەنتی ڤایرۆسی کاسپەر بەڵام هیچ ڤایرۆسێکیشی نەدۆزیەوە تکایە چارەیەك؟**

وەڵام: زۆرجار بەهۆی ڤایرۆسێکەوە کۆماندی (Folder Option) لەناو لیستی (Tools) لادەبات، ڤایرۆسەکەش ئەوەیە لەناو هەموو فۆڵدەرێك کە دەیکەیتەوە فۆڵدەرێك دروست دەبێت بەبەناوی هەمان فۆڵدەر. بۆ نمونە فۆڵدەرێکمان هەیە بەناوی (c4kurd) کاتێك کە ئەم فۆڵدەرە دەکەینەوە دەبینین فۆڵدەرێك هەیە بەهەمان ناو واتە (c4kurd) بەبێ ئەوەی ئێمە ئەو فۆڵدەرەمان دروست کردبێت.

زۆرێك لە ئەنتی ڤایرۆسەکانیش توانای چارەسەری ئەم گرفتەیان نیە بەڵکو تەنها ڤایرۆسەکە دەگرێ و لایدەبات و هەموو فۆڵدەرە زیادانەی دروست بوون دەیان سڕێتەوە بەڵام ناتوانێ فۆڵدەر ئۆپشن دابنێتەوە، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دوو ڕێگا هەیە:

ڕێگای یەکەم بەهۆی پرۆگرامێکی زۆر بچوکەوەیە کە لە مینوە سەرکیەکان و لە بەشی (بەرنامەکان) لە سایتی (www.c4kurd.com) بێ بەرامبەر دەتوانی دایببەزێنیت، تەنها بە یەك کلیك لەو گرفتە ڕزگارت دەکات و فۆڵدە ئۆپشن دەگەڕێتەوە.

ڕێگای دووەمیش جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەیە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت:

- بچۆرە Run و بنوسە gpedit.msc
- دوای ئەوە روکارێکت بۆ دەکرێتەوەو تۆ بچۆرە Administrative Templates
- دوای ئەوە دەبڵ کلیك بکە لەسەر ئەو فۆڵدەرەی نوسراوە Windows Comp-nents دوای ئەوە کلیك بکە لەسەر Win-dows Explorer
- ئۆپشنێکی تێدایە نوسراوە Removes the folder options menu item from the tools menu
- کلیکی لای ڕاست بکەو properties هەڵبژێرەو ئەنجا بیکە بە Disabled و دوای ئەوە ok. بەم شێوەیە فۆڵدەر ئۆپشتن بۆ دەگەڕێتەوە.

**پرسیاری (کارزان ئەنوەر): کاتێك کۆمپیوتەرەکەم پێدەکەم هەتاوەکو دەست نەنێم بە دوگمەی (F1) ناچێتە ناو ویندۆزەوە هەرچەندفۆرماتیشم کرد بەڵام هەر چاك نەبوو؟**

وەڵام: ئەو گرفتە پەیوەندی نیە بە ویندۆزەوە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە پاتری مەزەر بۆردەکەت، واتە پاتری مەزەر بۆردەکات لەکار کەوتووە و پێویستی بەگۆڕین هەیە بەس هەوڵبدە لەهەمان جۆری پاتریە کۆنەکەت بکڕیت باشترە، هەرچەندە لەو مەزەربۆردانەی کۆمپیوتەرە کۆنەکان، ئەوانەی پێشتر بەکاردەهات ئەگەر فلۆپی درایڤ نەبەسترایە تۆشی هەمان گرفت دەبوینەوە بەڵام ئێستا باوەڕ ناکەم لەوجۆرە مەزەر بۆردانە مابێت و بەکار بهێنرێت.

# سایتێکی زۆر باش بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی

■ زۆرن ئەو سایتانەی کە تایبەتن بە فێر بونی ئینگلیزی و هەریەکەیان چەندین رێگەیان هەیە بۆ میوانەکانیان کە بە باشترین رێگا فێری زمانی ئینگلیزی ببن. ئەوەی ئێمە باسی دەکەین بەرای زۆرێك لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنیت بە باشترین سایت دەژمێردرێت بۆ فێربونی ئینگلیزی.

سایتی www.voanews.com/specialenglish کە سایتی دەنگی ئەمریکا و ئەم بەشەی کە ئێمە لینکەکەمان داناوە تایبەتە بە فێربونی زمانی ئینگلیزی. ئەوەی ئەم سایتە لە سایتەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە:

1-جگە لەوەی بابەتەکە نوسراوەتەوە بە دەنگیش دەتوانیت گوێی لێ بگریت و دەنگەکەش داونلۆد بکەیت و ئەو خوێندنەوەیەش زۆر زۆر بە هێواشیە تاکو جوان لیی تێ بگەیت.

2-هەموو ئەو بابەتانەی کە تییدایە لە 2000 وشە تێ پەر نابێت و هەر ئەوانەیە کە هەموو بابەتەکانی لە خۆ گرتوە. واتە تۆ ئەگەر ئەو دوو هەزار وشەیە کە نوسراوە و لە هەموو بابەتێك وشەکان دووبارە دەبنەوە باش تێ بگەیت ئەوە بە ئاسانی دەتوانیت لە ئینگلیزی تێ بگەیت و قسەی پێ بکەیت.

3-دابەشکردنی سایتەکە بەسەر چەند بەشێکدا زیاتر وات لێ دەکات ئەو بەشەی کە تۆ حەزت لێ یەتی رۆژانە موتابەعەی بکەیت، بۆ نمونە هەموو رۆژێك نیو کاتژمێر هەواڵی ئەو رۆژەت بە هێواشی بۆ دەخوێنێتەوە جگە لەوەی بە نوسراوی هەیە، یاخود بەشی زانستی و ئەدەبی و تەندروستی و ... هتد تێدایە و بەشێکی تایبەتی تێدایە بۆ پێناسەی هەر ووشەیەك بە دریژی.

ئەوەی ماوە بیڵێین ئەوەیە جگە لەوەی کە هەموو رۆژێك دەتوانیت بە بابەتی بەسود و تازە سودمەند بیت لەم سایتە ئەوە لە کوردستانیش لە رادیۆی عێراقی حور دوو کاتژمێر رۆژانەو لە دوای نیوەرۆ هەمان رادیۆ بە راستەوخۆ لێی دەدات کە سودێکی زۆری هەیە بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی.

زنجیرەی تایبەت بە پرۆگرامسازی

# فێربوونی C++ هەنگاو بە هەنگاو

بەشی یەکەم

عەبدولباسیت کامل . ماستەر لە IT . زانکۆی کۆیە

■ بەرێزان خوێنەرانی سی فۆر کورد ئەمە سەرەتای زنجیرەیەك بابەتی وورد و بەردوامە دەربارەی پرۆگرامینگ (پرۆگرام نووسین) و ئەو ئامرازانەی کە بە کار دێت تیایدا. و هەروەها دەرگایەکە بە رووی دروست کردنی لێهاتووی دەربارەی پرۆگرام نووسین، هیوادارین جێی سوود بێت بۆ ئێوەی خۆشەویست...

ئەو زمانەی کە بە کاری ئەهێنین زمانی سی پڵەس پڵس C++ ە، ئەمەش لە بەر ئەوەی یەکێکە لە زمانە هەرە تۆکمە و فراوان و قووڵەکان. رەنگە ئەم بابەتانە تا بکرێت بە شێوازێك بێت خوێندکاری زانکۆ کە بابەتی پرۆگرامینگ دەخوێنێت سوودی لێوەر بگرێت چ قوتابی بێت لە بەشەکانی کۆمپیوتەر یان بەشە زانستیەکانی تر، هاوکات هەر کەسێکی تری عاشقی جیهانی پرۆگرامینگ بێ بەش نابێت و بەڵکو حەزەکانیان دێتە وردە جێ بە پشتیوانی خوا.

بەڵام ئەم شێوازە بابەتانە کە دواتریش لە سایتی سی فۆر کورد دەبینرێت پێویستی بە ووردبینی و بە دواداچوونێکی باشی هەیە لای خوێنەرانییەوە. هیوامان ئەوەیە دۆستی یەك بین... پێکەوە بین... و لێك دانەبڕێن... بەو شێوەیە ئێمەو ئێوەو هەموان بەیەکەوە سودمەند دەبین!.

1-زمانی پرۆگرام نوسین چییە:(Programming Language)

سەرەتا با بیر لەوە بکەینەوە کە کۆمپیوتەر بریتیە لە ئامێرێك کە لە راستیدا هیچ نازانێت، و مرۆڤ هێدی هێدی فێری دەکات کە پێویستە کاتێك یاسایەك ئەوترێت پێی و بناغەیکی تێ دەگەیەنرێت، لە سەر ئەو بنەمایە کاردانەوەی هەبێت. تا وای لێدێت ئەم یاسایانە دەبێت بە زمانێك لە نێوان ئێمەی بە کار هێنەرانی و کاکی کۆمپیوتەر!. زمانی پرۆگرام نووسین ئەو کەرەسەیە کە لە رێگەیەوە پرۆگرام نووس ئەتوانێت فرمانی پێویست بدات بە کۆمپیوتەر بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پێویستیەکانی بەکارهێنەر. هەندی لە کاراکانی بواری پرۆگرام نووسین دەڵێن پرۆگرام وەك وەسفەی رێگای دروست کردنی خواردن وایە (recipe) کاتێك هەر کەسێ ئەو وەسفەیەی پێ بێت و کەرەستەی پێویستی لا بێت ئەتوانێت خوراندنەکە دروست بکات. هەروەها کۆمپیتەریش بە پێی ئەو فرمانانەی کە پێی ئەوترێت کەرەسەی پێویست بە کار ئەهێنێت بۆ بە دەست هێنانی ئەنجامی پێویست.ئەوەی راستیش بێت بۆ ئەوەی زمانەکان وەربگێردرێتە سەر شێوازی باینەری پێویستە وەرگێرێك هەبێت کە پێی ئەوترێت کۆمپایلەرCompiler کە ئەمە ئەکرێت بە ووردی لە کاتی تردا باسی لێوە بکرێت.

2- زمانی سی پڵەس پڵەس (C++):

لە راستیدا ئەم زمانە باشترین زمان نییە لە هەموو بوارێکدا بەڵام فروانترین زمانە کە لە زۆربەی بوارەکاندا کار دەکات و هەروەها تەنها زمانە لە نەوەی سێهەمی زمانەکانی پرۆگرام نووسین کە بوار ئەدات بە پرۆگرام نووس لە ئاستی بەرزی پرۆگرام نووسین و ئاستی نزمیش کار بکات.

پێموایە لە دوای کار کردنێکی زیاتر لە گەڵ ئەم زمانە لایەنە چاکەکانی زیاتر روون و ئاشکرا دەبێتەوە.

بەرێزان... ئەو ڤێرژنەی لەم زنجیرەیدا بە کاری ئەهێنین ڤیژوال سی پڵەس پڵەس ی 2005 ە، ئەمەش تەنها لە چەند فرمانێکی کەم نەبێت جیاوازی نییە لە گەڵ ڤێرژنەکانی پێشتری، کە لە کاتی پێویست دا روونی دەکەینەوە.

لە گەڵ سیت ئەپ کردنی ڤیژواڵ سی پڵەس پڵەس وێنەی(1)ی خوارەوە دەردەکەوێت:




وەك لە وێنەکەدا دیارە پێویستە کلیك لەسەر مینیوی File بکەین و ئەنجا بچینە سەر New دواتریش کلیك بکەینە سەر Project و هەڵیبژێرین لە دوای ئەمەش وێنەی 2 دەر دەکەوێت:




لەوێدا Win32 هەڵدەبژێرین و دواتریش ناوێك لە بەرامبەر Name دەنووسین بە مەبستی ئەوەی ئەم پرۆجێکتە ئەم ناوە وربگرێت و هەول بدە بزانی لە کوێشدا پرۆژەکەت سەیڤ دەکەیت.

ئینجا وێنەی 3 دەبینین:




لێرەدا کارەکەمان گران نیەو تەنها کلیك بکە لەسەر Finish بەو شێوەیە ئەو پرۆژەیەکە ویستمان دروست دەبێت و بۆ کارکردن و نوسینی کۆدەکانمان ئامادەیە ، دوای ئەوەش ئەم رووکارەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەندێك کۆدی تیا نوسراوە:




لێرەدا دەبێت هەندێك گۆرانکاری بچوك بکەین بۆ سەرەتای دانان و دروست کردن و نوسینی کۆدەکانمان کە دەبێت ئەو کۆدە بگۆرین کە لە وێنەکەی سەرەوەدا هاتوە بهو شێوەیەی کە پێویستە و هەول بدە وەکو کۆدەکەی ئێمەی لێ بکە کە لەو وێنەیەی ئەو بەردا دیار دەکەوێت :




لێرەدا با بزانین ئەم فرمانانە چییە کە ئێمە بە کۆمپیوتەرکەمان داوە:

1- #include”stdafx.h”

ئەم نوسینە بۆ پێدانی زانیاریە بە C++ کە فایلێك بە ناوی stdafx بە کار بهێنێت کە پرۆجێکتێکە لە ناو CV++ وەك ئەرشیفێکی هەموو کتێبخانەکانی ئەم زمانەیە. تێبینی :ئەم نووسینە لە ڤێرژنە کۆنەکان پێویست نییە

2- #include <iostream>

هەر بەرنامەیەك کە زانیاری تێدا بچێتە ناو یاخـــود لێی بێتە دەرەوە input, output پێویستە ئەم کتێبخانەیە بەکار بهێنی تێیدا

3- using namespace std

ئەمەش یەکێکی ترە لەو پێویستیانەی کە لە ڤێرژنە کۆنەکان بوونی نییە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم نووسینانەی سەرەوە پێویستن بۆ هەموو بەرنامەیەك. لە دوای ئەمەوە بەرنامەکە دەست پێدەکات، بۆیە لە داهاتوودا جەخت دەکەین لە سەر ئەو فرمانانەی لە دوای ()main وە دەنوسرێت.

4- لەم قۆناغەدا باس لە ناو لاشەی سەرەکی بەرنامە دەکەین کە بریتیە لە نووسینی دوای ()main لێرەدا ئەتوانین یەکەم بەرنامەی خۆمان بنووسین کە بریتیە لە چاپکردنی ئەم رستەیە Hello World.

یەکەم فرمان کە لێرەدا باسی لێوە دەکەین فرمانی cout ە کە بە کار دێت بۆ دەرخستنی زانیاری یان چاپ کردنی لە شاشەی ئەنجامەکان کە سینتاکسی نووسینی بەم شێوەیەی خوارەوەیی:

cout<<............

ئەم فرمانە مانای وایە هەرچی شتێك کە لە دوای هێمای << وە دێت چاپ دەکرێت، بەڵام پێویستە لە نیوان ئەم دوو کەوانەی سەرەوە بنووسرێت «...» بۆ ئەوەی وەك خۆی بنووسرێت و نەگۆرێت. رەنگە بپرسی بۆ دەگۆرێت؟... لە وەڵامدا : ئەم پرسیارەت لە بیر نەچێت چونکە لە وانەی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.!

کەواتە ئەنجامی ئەم بەرنامەیە بریتیە لە Hello World.

باشە ئەی چۆن ئەم بەرنامەیە جی بە جی بکەم؟؟. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-کلیك بکە لە سەر کۆتا دێر بۆ ئەوەی جێبە جیکردنی بەرنامە لەو خاڵە بوەستێت، لەو کاتەدا بازنەیەکی سوور دەردەکەوێت لە شوێنی کلیك کردنت. لە دوای ئەمە ئەتوانیت بە بە کارهێنانی F5 بەرنامەکە جێ بە جی بکرێت. یان لە مینیوی Debug دوای ئەوە Start Debugging بە کار بهێنە. ئەو کاتە شاشەیەکی پرۆمپ دۆز




(شاشەیەکی رەش دەردەکەوێت و ئەنجامەکەی تێدا نووسراوە)

ئەگەر ئەم شاشەیە دەر نەکەوت ئەوا مەترسە! چونکە لە سەر تاسك بارەکەدایە کلیکی لێبکە با دەر کەوێت. چەند گرنگە یەکەم بەرنامەی سی پڵەس پڵەست جی بە جی کرد، هەر بژێت... لە گەڵماندابن لە وانەکانی تر و ئارام بگرن لە دۆستایەتی جیهانی پرۆگرامینگ. ئیتر تەنها خۆشیتان...

# جیاوازی نێوان جاڤا «java» و جاڤا سکریپت «java script»

■ سـەرەتا هیـچ پەیوەندییەک لەنێـوان ئـەم دوو زاراوەی زمانی پرۆگرامکردنەی سـەرەوە نییە: جاڤا «java» و جاڤا سکریپت «java script» ، چونکـە میکانیزمی کارکردنی هەریەکەیان زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تر هەرچەند ناوەکانیشان زۆر لەیەک دەچن.

زمانـی جاڤا«java» بەکاردێت بۆ دروسـتکردنی «java applet» ، بەڵام جاڤا سکریپت «java script» وەکو زمانی پرۆگرامکردن بەکاردێت بۆ دروسـتکردنی کاریگەری وەکـو: dhtml کەکورتکراوەی (dynamic hyper text mark up language)ە.

زمانـی جاڤـا«java» لەبەرهەمهێنانی کۆمپانیـای « -Sun Micr systems» کە یەکێکە لە سـێ زمانە ئاڵـوز و بەهێزەکانی زمانەکانی پرۆگرامسازی، لەبەر ئەوە قەبارەکەی زۆر گەورەیەو کاریگەری زۆری هەیە لەسەر داگرتنی بۆ ناو ئەو لاپەڕانەی کە ئەم پرۆگرامەی تێدا بەکاردەهێنرێت هـەر بۆیە زۆربـەی کات فایلەکانی ئەم پرۆگرامە ئێکستێنشـنی لەجۆری «class ،java،jar» وەردەگرێت.

بەڵام جاڤـا سـکریپت «java script» ئاسـاتنرەو قەبارەکەشـی بچووکترە و لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای «netscape»ە ، جاڤا سکریپت «java script» بەکاردێت بۆ دروستکردنی کاریگەری بۆیە لێرەوە خاڵی لێکچوونی جاڤا سـکریپت «java script» و «dhtml» دێتە پێشـەوە چونکە «dhtml» کاریگەری دروسـتکراوە بە زمانی جاڤا سکریپت لەبەر ئـەوەی زۆر لە کاریگەریەکانی جاڤا سـکریپت دەچێـت یان بەجۆرێکی تـر دەتوانیـن بڵێین زمانی جاڤا سـکریپت بەکاردێت بۆ دروستکردنی کاریگەری جاڤا و هەروەها بـــۆ دروستکردنی کاریگەری «dhtml».

کەواتە هەر لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین جاڤا سکریپت ئەو تێکستانەیە کـە بەتەنهـا کاردەکات بۆ دروسـتکردنی کاریگەری لەنـاو لاپەڕەکانی ئینتەرنێـت هەروەکو html بـەڵام «dhtml» ئاوێتە دەبێت لەگەڵ لاپەڕە و ئیمکانیاتەکانـی بەکاردەهێنرێـت بۆ دروسـتکردنی کاریگەری ئەمەش وایکـردووە کە بەهێزتر و گەورەتری بکات لە جاڤا سـکریپت. هەروەها جێی ئاماژە بۆ کردنە هەردوو کۆمپانیای بەرهەمهێن « -Sun Microsy tems» و « netscape» لەگـەڵ کۆمپانیای «America On Line» یەکیانگـرت بۆ ئەوەی ببنە یەکێک لە کۆمپانیا گەورەو زلهێزەکانی جیهانی ئای تی.

www.c4kurd.com

# دامەزراندنی حکومەتی ئەلکترۆنی پێویستی بە ئامادەکردنی کۆمەڵگایەکی ئەلکترۆنی هەیە!!

**هەردەوان نەقشبەندی**

■ حکوومەتی ئەلکترۆنی(e-government) دیاردەیەکی تەکنەلۆژی کەرتی گشتییە، بیل کلینتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بە یەکەم کەس دەزانرێت کە زاراوەی حکوومەتی ئەلکترۆنی بە کارهێناوە لە ساڵی ١٩٩١، سەرهەڵدانی ئینتەرنێت لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگای ئەلکترۆنی (e-society) و دەرکەوتنی کۆمپانیای ئەلکترۆنی (e-business) و بازرگانی ئەلکترۆنی (e-commerce) کە پانتایەکی فراوانی لە کەرتی تایبەت داگیرکردووە، بەهۆی کاریگەری لایەنە تەکنیکی و کارگێری و بازرگانی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر حکوومەتی ئەلکترۆنی پێناسەیەکی یەکگرتووی نییە، نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ پێناسەی کردووە بەوەی «بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە جیهانیەکانە بەمەبەستی ناردنی زانیاری و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان»، رێکخراوی OECD (هاوکاری و گەشەپێدان لە بواری ئابوری) پێناسەی حکوومەتی ئەلکترۆنی بەمشێوەیە کردووە «بەکارهێنانی تەکنەلوژیای زانیارییەکان(ئای تی) وگەیاندن بە تایبەتی ئینتەرنێت بۆ گەیشتن بە حکوومەتێکی باشتر»، هەندێ پێناسەی تری هەیە بۆ نموونە هەندێك بە هۆیەکی باشترکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەزانن و هەندێکیش بە هۆیەك بۆ چاکسازی و باشترکردنی پەیوەندی نێوان خەڵك و حکوومەت دەزانن .

ئەوەی من مەبەستمە باسی بکەم ئەوەیە کە تا چەند زەمینەی جێبەجێکردنی حکوومەتی ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستان گونجاوە، چونکە پێش ماوەیەك خولێکی فێربوونی ئەو حکوومەتە لە لایەن رێکخراوی (ASK) بۆ ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان و وەزیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە، هەروەها هەندێك بابەتم لە رۆژنامەکانی کوردستان خوێندووتەوە کە باسی جێبەجێکردنی حکوومەتی ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەم هەوڵانە هەر هەولێك بۆ پێشخستنی حکوومەتەکەمان بدرێت جێگای خوشحاڵییە، بەڵام من پێم وانییە ئەو زەمینە گونجاوە لە کوردستان هەبێت کە بتوانین حکوومەتی ئەلکترۆنی لەسەر جێبەجێ بکەین، چونکە هەرچەندە تەکنەلۆژیا لە کوردستان هەیە بەڵام پسپۆری و رۆشنبیری بە شێوەیەکی گشتی کەمە لەو بوارەدا, سەرەڕای ئەوەی ئاسایشیش لە بواری تەکنەلوژیا لە هەرێمی کوردستان نادیار و ونە، من دوو کۆڵەکەی دەخەمە بەرچاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی گرنگیان پێبدات بۆ رەخساندنی زەمینەی حکوومەتی ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستان ئەوانیش «کۆمەڵگای ئەلکترۆنی» و «ئاسایشی زانیارییەکان (امن المعلومات)»ن، سەرەتا سەبارەت بە کۆمەڵگای ئەلکترۆنی ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان باکگراوندێکی باشمان نییە و لە سەرەتادان و پێویستە بناغەیەك بۆ کۆمەڵگای ئەلکترۆنی هەرێمی کوردستان دابنێین ئەوجا دەتوانین حکوومەتی ئەلکترۆنی لەسەری جێبەجێ بکەین، ئەویش بە دانانی پرۆگرامێکی رێکوپێك لە قوتابخانەکان بۆ فێربوونی کومپیوتەر و ئای تی کە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەست پێبکات، هەروەها پەیمانگای زیاتر و چەند سەنتەرێك بکرێنەوە بە پاڵپشتی کۆمپانیا گەورەکانی بواری ئای تی بۆ فێربونی ئای تی بە شێوەیەکی گشتی و بەدەست هێنانی بڕوانامە لەو بوارەدا و ئەو بڕوانامانە بکرێنە مەرج بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران لە دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە ئاسایشی زانیارییەکان (امن المعلومات ) کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نییە، دەبوایە هەبێت، چونکە چەند بەکارهێنانی تەکنەلوژیا زیاد بێت لە وڵات رادەی پێویستی بە هەبوونی دەزگایەکی ئاسایشی زانیارییەکان زیاتر دەبێت، چونکە تەکنەلۆژیاش پۆزەتیف و نێگەتیڤی هەیە، ئێمە باسی بە ئەلکترۆنیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کەچی دەبینین سایتە فەرمییە کوردییەکان هاك دەکرێن تەنها لە بەر ئەوەی بە کوردین ئەی ئەگەر حکوومەتی کوردی ئەلکترۆنی بێت ئایا ئەو دوژمنانە بە هەموو توانایەکیان هەوڵنادەن ئەو حکوومەتە لەباربەرن ئەوکاتیش بە راستی کارەساتە!، وایە حکوومەتی ئەلکترۆنی کاروبارەکان ئاسان دەکات و گەندەڵی کەم دەکاتەوە، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە جەنگی زانیارییەکانیش (حرب المعلومات) هەیە کە تیایدا جەنگ لە نێوان کۆمپیوتەرەکان و بوارە ئەلکترۆنیەکان دەبێت و ئەوەی شارەزایی و پسپۆری زیاتر بێت (لەبواری ئای تی نەك سەربازی) لە جەنگەکەدا سەردەکەوێت، بۆیە من پێم باشە سەرەتا دەزگایەکی بەتوانای ئاسایشی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت بۆ پاراستی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بواری تەکنەلوژیا و دواتر بۆ پاراستنی ئەگەر حکوومەتی ئەلکترۆنی دروست بوو. بۆ دانانی بناغەی حکوومەتی ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستان من پێم باشە حکوومەتەکەمان گرنگی تەواو بدات بەو دوو بابەتەی سەرەوە و هەروەها کونفرانسێکی فراوانی ئای تی لە کوردستان ساز بکات بۆ ئاراستەکردنی تواناکان لە بواری ئای تی و بۆڕێکخستنی ئەو شارەزایی و تەکنەلوژیایەی لە کوردستان هەیە بە باشترین شێوە بۆ خزمەتی خەڵك و حکوومەتی هەرێمی کوردستان .

# ناوی کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ئای تی چۆن هەڵبژێردراوە؟

■ **Adobe**

ناوی رووبارێکە کە لە پشت خانووەکەی خاوەنی ئەم کۆمپانیایە تێپەڕ دەبێ.

**Apple**

خاوەنی کۆمپانیای Apple (ستیڤ جابز) زۆر حەزی لە خواردنی سێو بووە، بۆیە ناوی کۆمپانیاکەی ئاوا هەڵبژارد.

**Cisco**

کورتکراوەی وشەی سانفرانسیسکۆیە، کە یەکێك لە گەورەترین شارەکانی ئەمریکایە.

**Google**

لە ماتماتیکدا گووگڵ بریتییە لە ژمارەی یەك و سەد سفر لەدوایدا، خاوەنەکانی ئەم کۆمپانیایە بە گاڵتەوە دەڵێن کە ئامرازی گەڕانی ئەوان دەتوانێ ئەم هەموو زانیارییە پێشکەش بکات.



**Hotmail**

ئەم سایتە لەبواری پۆستی ئەلێکترۆنی کاردەکات، خاوەنی ئەم سایتە داوای کرد کە ناوی سایتەکەی وەك هاوپیشەکانی بەوشەی Mailکۆتایی بێت و Web بوونی خۆی بسەلمێنێ، بۆیە ئەو ناوەیان بۆ هەڵبژارد.

**HP**

ئەم کۆمپانیا گەورەیە لەلایەن دوو کەس بەناوی بیل هیولت و، دیڤ پاکارد، بنیات نراوە. بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناوە پشتیان بە شێوەی کۆنی (شێر و خەت) بەست و لە ئاکامدا ناوی هیولت پاکارد دەرچوو کە دەکاتە HP،

**Lotus**

میچ کاپۆر بناغەدانەری ئەم کۆمپانیایەیە کە بەرەچەڵەك هیندی بوو، بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناوە پشتی بە شێوەیەکی ئاڵۆزو پێشکەوتووی T.M بەست کە لۆتوسی پێ دەگوترێ.

**Microsoft**

ناوی ئەم کۆمپانیایە لە سەرەتادا Mirosoft بوو، بەڵام پاش چەند ساڵ بەشێوەی ئێستا گۆڕدرا. ئەو وشەیە کورتکراوەی وشەی software Microcomputerە. بیل گیتس خاوەنی ئەم کۆمپانیایە دەڵێ کە ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی کۆمپانیاکەی پەرەپێدان بە زانستی میکرۆ کۆمپیوتەرە.

**Oracle**

خاوەنەکانی ئەم کۆمپانیایە لێری ئیسۆن و باب ئوتوس، پێکەوە پرۆژەیەکیان بۆ C.I.A دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ئەنجام دەدا بەناوی Oracle. لەم پرۆژەیەدا زانیارییەکی زۆر کۆ دەکرایەوە، بە چەشنێك بتوانرێ وەڵامی هەموو شتێکی لێ وەربگیرێ. پاش تەواوبوونی پرۆژەکە کاتێك ویستیان بۆخۆیان کۆمپانیایەك بنیات بنێن، ئەوناوەیان هەڵبژارد کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یونانی کۆنە بە مانای فریشتەی ئیلهام.

**Red hat**

خاوەنی ئەم کۆمپانیایە مارك ئووینگ لە سەردەمی لاویەتیدا کڵاوێك کە دوو هێڵی سوور و سپی تێدابوو لە باپیری بەدیاری وەردەگرێ، بەڵام لە زانکۆ ونی دەکات. کاتێك توانی ئەو سیستەمە لە زانکۆ دابمەزرێنێ، یەکەم رستەیەك کە لەسەر شاشە وەدەرکەوت ئەمە بوو: (داخوازییەك بۆ دۆزینەوەی کڵاوێکی سوور «Red hat».

**Sony**

لە وشەی لاتینی Sonus بە مانای دەنگی وەرگیراو سەرچاوەی گرتووە.

**Sun**

ئەم کۆمپانیا گەورەیە لە لایەن چوار ئاکادیمی زانکۆی ستانفۆرد بنیات نراو کورتکراوەی رستەی Stanford University Networkە.

**Xerox**

وشەی Xer لە زمانی یۆنانی بە مانای وشکەو لەم تەکنەلۆژیایەدا کۆپیکردن بەبێ کەڵك وەرگرتن لە شێوەی فتۆشیمیایی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

# ڕێگایەك بۆ شاردنەوەی پارتیشنەکان و هێنانەوەیان

**مەهدی هادی ئۆمەربلی / قوتاغی چوار کۆلێژی شەریعە**

■ هاردەکانی کۆمپیوتەر زۆر جار تووشی ڤایرۆس دەبن، جا زۆر بەی ئەو کەسانەی کە سەرەتان لە کۆمپیوتەر پەنا دەبەنە بەر فۆرماتکردن تاکو کۆمپیوتەرەکەیان لە دەست ڤایرۆس رزگاری بێت بێگومان فۆرمات کردنیش کاتێکی زۆری دەوێ و زۆریش لەبەر نامەکانمان لەدەست دەدەین ، یاخود زۆر جار لە کۆمپیوتەرەکەمان چەند زانیاریەکی تایبەت بەخۆمان لە ناو یەکێك لە هاردەکان پاشەکەوت دەکەین و، نامانەوێ کەسیتر کە هاتە سەر کۆمپیوتەرەکەمان زانیاریەکان بزانێ، بۆیە بە چاکم زانی باسی رێگایەك بکەم لە ویندۆز کە دەتوانی ئەو پارتیشنەی مەبەستت بێ بیشاریتەوە، ئەم کردارە هەر لەویندۆز بەبێ بەرنامە ئەنجام دەدرێ.

سەرەتا کلیکی لای راست لەسەر My Computer دەکەین ئینجا ma-age هەڵدەبژێرین، لیستیك دەبێتەوە، دەچینە سەر بەشی disk mange-ment و کلیکی لەسەر دەکەین، دواتر پەنجەرەیەکی ترمان بۆ دەبیتەوە کە پارتیشنەکان ی تێدایە، کلیکی لای راست لەسەر ئەو پارتیشنە دەکەین کە مەبەستمانە بیشارینەوە، دواتر change drive letter هەڵدەبژیرین..

پەنجەرەیەکی ترمان بۆ دەبێتەوە، کلیك لەسەر remove دەکەین..







دواتر پەیامێکمان بۆ دێت، yes دادەگرین..




دەبینین هاردی d نەماوە لە My Computer، بۆ دوبارە هێنانەوەی هاردەکە هەمان کردار دووبارە دەکەینەوە ، کلیکی لای راست لەسەر My Computer دەکەین ئینجا manage هەڵدەبژێرین، لیستیك دەبێتەوە، دەچینە سەر بەشی disk mangement ، کلیکی لای راست لەسەر پارتیشنەکە دەکەین و ئینجا پەنجەرەیەکمان بۆ دەبێتوە سەیری وێنەی 4 بکە کلیکی Add دەکەین




پەنجەرەیکی ترمان بۆ دەبێتەوە کلیك لەسەر assign the following drive letter دەکەین، ئێستا پارتیشنەکە گەڕایەوە باری پێشوو..



# پلان دانان پێش دروستکردنی سایت

## بـــریفکـانـی

■ پێش هەموو شتێك ئەبێت رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەیت:

١- ئایا بۆچی ماڵپەر دروست ئەکەم ؟
٢- ئایا ماڵپەرەکەم دەربارەی چییە؟
٣- ئایا بابەتەکانی ماڵپەرەکەم لە کوێ بێنم؟
٤- ئایا بابەتەکان بەسوودن؟
٥- ئایا تا چ رادەیەك دەگاتە خەڵك؟

دەبێت پێش هەموو شتێك بزانی بۆچی ماڵپەر دروست ئەکەی؟ ئایا بۆ ناساندنی خۆتە لەسەر تۆری ئەنتەرنێت؟ ئایا بۆ کۆمپانیایە؟ ئایا بۆ گەیاندنی زانیاریە بە خەڵك؟ چوونکە دیارکردنی ئەو خاڵە زۆر گرنگە بۆ وەدەستهێنانی ویست و خواز بۆ پەرە پێدان بە ماڵپەرەکە.

بەڵام چۆن بابەتی ماڵپەرەکەت هەڵدەبژێری؟

دەبێت بزانی ماڵپەر بۆ چ شتێك دروست دەکەی؟ بابەتی ماڵپەرەکە چییە؟ زانستی کۆمپیوتەرە؟ هونەریە؟ پێناسە کردنی خۆتە؟ پێناسە کردنی شارەکەتە؟ پێناسە کردنی کۆمپانیاکەتە؟ هتد... دەبێت ئەو خاڵە دیاری بکەیت تا بزانی چی ئەکەیت و چۆن دەست پێ دەکەی... تا بتوانی زانیاری تەواو کۆ بکەیتەوە لەسەر ئەو بابەتە، من پێم باشە هەڵبژاردنی بابەتی ماڵپەر دەبێت لە خودی ئیشکردنت بێت یان لە بابەتێك بێت کە زانیاریەکی زۆر باشت لەسەری هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر خودی ئیشکردنت لە بوواری زانستی کۆمپیوتەر بێت ئەوا پێم باشە ماڵپەرەکە دەربارەی زانستی کۆمپیوتەر بێت، ئەگەر خودی ئیشکردنت لە بوواری پزیشکی بێت ئەوا پێم باشە ماڵپەرەکە دەربارەی زانستی پزیشکی بێت، ئەگەر خودی ئیشکردنت لە بوواری جیۆلۆجی بێت ئەوا ماڵپەرەکە دەربارەی زانستی جیۆلۆجی بێت وە هەروەها... یان ئەگەر زانیارییەکی زۆر باشت هەبێت لە بوواری مێژووی کوردستان ئەوا ماڵپەرەکە دەربارەی مێژووی کوردستان بێت، ئەگەر زانیارییەکی زۆر باشت هەبێت لە بووواری هونەر و گۆرانی ئەوا ماڵپەرەکە دەربارەی گۆرانی و هونەر بێت، ئەگەر زانیارییەکی زۆر باشت هەبێت لە بوواری وەرزش ئەوا ماڵپەرەکە دەربارەی وەرزش و وەرزشوانان بێت وە هەروەها.




زۆر گرنگە کەبابەتەکە سەرنج راکێش بێت و پەیوەندی هەبێت بە ویستی خەڵك، زۆر ماڵپەر هەیە کە دەربارەی چەند بابەتێکە بەڵام پەیوەست نیە بە بۆچونی خەڵك. بۆیە پێم باشە کە بابەتێك هەڵبژێریت کە زۆر سەرنج راکێش بێت و خەڵکیش سوودی لێ وەربگرێت بۆ ئەوەی زۆر کەس رووی تێ بکەن.

دوای ئەوەی بابەتەکەت دیاری کرد ئینجا دەست بکە بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتەکە، لە کتێب، لە رۆژنامەکان، لە ئینتەرنێت لە سی دی کۆمپیوتەر، دەست بکە بە کۆکردنەوەی وێنەی جۆراو جۆر لەسەر بابەتەکە، هەروەها زۆر گرنگە کە دیزاینەر ژمارەیەکی زۆری لە وێنەی جۆراو جۆر هەبێت لە جۆری jpg, gif, bmp هتد، ئەو وێنانە زۆر گرنگن بۆ دروست کردنی ماڵپەر چونکە ئەو کەسەی کە سەیری ماڵپەرەکەت دەکات پێش هەموو شتێك وێنەکان سەرنج رادەکێشن.

## به پێی ئامارێک :

## * ژمـــارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهانـــدا گەیشتە زیاتر لە یەك ملیار.

## * ژمـــارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە عێراقدا (٣٦) هەزارە کە دەکاتە یەك کەس لە هەزار کەس!

■ بە گوێرەی ئامارێکی هەردوو رێکخراوی یەکێتی گەیاندنی نێودەوڵەتی (ITU) و رێکخراوی Nielsen//NetRatings کە لە 30 ی ئەیلولی 2007 ئەنجامدراوە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت گەیشتە 1,244,449,601 (یەك ملیارو دووسەدو چل و چوار ملیۆن و چوار سەدو چل و نۆ هەزارو شەش سەد و یەك) بەکارهێنەر لە سەرتاسەری جیهاندا.




ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهان

لەم ئامارەدا هاتووە کە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە عێراقدا (36) هەزار بەکارهێنەرە کە دەکاتە یەك کەس لە هەزار کەس (0.1 %)..

جێی ئاماژە پێکردنە ژمارەی بەکارهێنەران لە جیهاندا لە ساڵی 2000 تا 2007 بە رێژەی 244.7 % زیادی کردووە.

### ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا

| ناوچەکانی جیهان | ژمارەی دانیشتوان (Est 2007.) | ژمارەی دانیشتوانی جیهان % | بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە گوێرەی دوا ئامار | % رێژەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە | بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهان % | رێژەی زیادبوونی بەکارهێنەران 2000-2007 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەفریقیا | 933,448,292 | % 14.2 | **43,995,700** | % 4.7 | % 3.5 | % 874.6 |
| ئاسیا | 3,712,527,624 | % 56.5 | **459,476,825** | % 12.4 | % 36.9 | % 302.0 |
| ئەوروپا | 809,624,686 | % 12.3 | **337,878,613** | % 41.7 | 27.2% | % 221.5 |
| رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | 193,452,727 | % 2.9 | **33,510,500** | % 17.3 | % 2.7 | % 920.2 |
| باکوری ئەمریکا | 334,538,018 | % 5.1 | **234,788,864** | % 70.2 | 18.9% | % 117.2 |
| ئەمریکای لاتینی | 556,606,627 | % 8.5 | **115,759,709** | % 20.8 | % 9.3 | % 540.7 |
| ئوستراليا | 34,468,443 | % 0.5 | **19,039,390** | % 55.2 | % 1.5 | % 149.9 |
| کۆی گشتی (جیهان) | 6,574,666,417 | % 100.0 | **1,244,449,601** | % 18.9 | % 100.0 | % 244.7 |

### ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە عێراقدا

| | ژمارەی دانیشتوان (Est 2007.) | ژمارەی دانیشتوانی جیهان % | بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە گوێرەی دوا ئامار | % بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان | بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەگوێرەی رۆژهەڵاتی ناوەراست % | رێژەی زیادبوونی بەکارهێنەران 2000-2007 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عێراق | 27,162,627 | % 14.2 | **36,000** | % 0.1 | % 0.2 | % 188.0 |

•تێبینی: جێی ئاماژە پێکردنە کاتی دوا ئامار لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت و لە سایتەکەدا هەموو وڵاتەکانی جیهانی تێدایە بۆ نموونە:

- عێراق: دوا ئامار مانگی (10)ی 2005 .
- ئوردن: دوا ئامار مانگی (9)ی 2006.
- سعودیە: دوا ئامار مانگی (3)ی 2005.
- .... هتد.

**سەرچاوە:** www.internetworldstats.com

### ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکان




### ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا







وەرگیراوە

# سی فۆر کورد

هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

خاوەنی ئیمتیاز:
**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنوسەر:
**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:
**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەرێوەبەری نوسین:
**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنەکانتان:
ئیمەیل: np@c4kurd.com


# باشترین ژوور بۆ تاقیکردنەوەی قوتابیان بە کۆمپیوتەر



زانکۆی بنسلفانیای ئەمریکی هەستا بە دروستکردنی تازەترین ژوری تاقیکردنەوە کە بە بێ مامۆستا بەرێوە دەچێت و باشترین کاری سیکوریتی بۆ کراوەو بە هیچ شێوەیەك قوتابیان و خوێندكاران ناتوانن بیر لە قۆپیەو غەش بکەنەوە.

سەرەتا دەچیتە بەردەم دەرگایەکی داخراو کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێتەوە تا پێناسەی تایبەت بە تاقی کردنەوەکەت پیشانی ئامێری ناسینەوەکە نەکەیت و دوای ئەوەی تۆی ناسیەوە ئەوا ژمارەیەکی لە 1 تا 160 ت دەداتێ کە تایبەتە بە خۆت و بە ژمارەی ئەو کۆمپیوتەرەیەکە کە تاقیکردنەوەکەی لەسەر دەکەیت دوای ئەوە دەچیتە ژوورەوە بە مەمەرێکی باریکدا دەرۆیت کە هەمووی کامیرای تێدایە و وێنەت دەگرێت و تا ئەو کاتەی دەچیتە سەر کۆمپیوتەرەکەت و لەوێش تا تەواو دەبیت کامێراکان چاودێریەکی توندت دەکەن. بەم شێوەیە بە پێی رۆژنامەی ئەمریکی USA Today بە یەکەم ژووری تاقی کردنەوە لە جیهاندا دەژمێردرێت کە قوتابی بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت قۆپیە بکات.

## تۆشیبا 11 هەزار پاتری لاپتۆپ لە بازار دەکێشێتەوە



بۆ جاری دوهەم لەیەك هەفتەدا کۆمپانیای توشیبا هەستا بە ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی کە لاپتۆپی تۆشیبایان هەیە بە گەراندنەوەی پاتری لاپتۆبەکانیان لە جۆری Satellite A100, Satellite A105, Tecra A7 بە هۆی خراپی پاتریەکانیەوە کە لەم دوایی کۆمپانیای سۆنی دروستی کردبوو بۆی. رەنگیشە بەو هۆیەوە کەمتر اعتماد بکرێتە سەر پاتری سۆنی دوای ئەوەش کە ساڵی پار زیاتر لە 9 ملیۆن پاتری لە بازارەکان وەرگرتەوە لەبەر ئەوەی پاتری ستۆك و خراپ بوون.

## دوا کلیک

### موژدەیەك بۆ ژنان

## ئیتر لە مەوپاش مشکەکان بە تەڵەی ئەلیکترۆنی بگرن!

**باوکی هیڤار**

رەنگە زۆرێك لە ژنان کێشەی گەورەیان بونی مشك بێت لە ماڵدا، لەگەڵ ئەوەش پیاوانیش بە کیشەکانەوە ئەگلێن و پیویستە مشکەکانیان



بۆ بکوژن یانیش کە گیرا و کوژرا بۆیان فرێ بدەن. رەنگە منیش ئەو کیشەیەم هەبێت و پێوەی بناڵێنم بۆیە حەزم لەم جۆرە هەواڵە بوو.

کۆمپانیای RentoKil کە تایبەتە بە لە ناو بردنی گیانلەبەری زیان بەخش هەستا بە دروستکردنی تەڵەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی بە شیوەیەکی زۆر ئاسان و سەردەمانە مشکەکانمان لە ناو بەرین. ئەم تەڵەیەش بەشێوەیەکی زۆر سەیر و پێشکەوتوو دروستکراوە و کاتێك مشکەکە دەچیتە ناو تەڵەکەوە یەکسەر بە هۆی تیشکی خوار سور هەست بە بونی مشکەکە دەکات لە ناو تەڵەکە دوای ئەوە بە گازی دوهەم ئۆکسیدی کاربۆن کیمیاوی بارانی دەکات و بە شیوەیەکی باش دەیکوژیت، وەکو کۆمپانیاکە دەڵیت هەوڵمانداوە مشەکەکە بە شێوەیەکی (مرۆڤانە) بکوژین و ئازاری زۆری پێ نەگات، ئەویش ئەزانن چۆن؟ یەکەمجار بە هۆی کارێکەوە کە ئامێرەکە دەیکات مشکەکە دەخەوێت ئەنجا دوای ئەوە دەیکوژێت. ئەمە بۆ خۆی کارێکی سەیرە بەس لەوە سەیر تر ئەوەیە. ئێمە کاتێك درەنگ بە مشکەکە دەزانین ئەوە بۆگەن دەکات و بەزمەکە خراپتری لێ دێت، بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای ناوبراو کارێکی تری کردوە ئەویش لەگەل ئەو داماوە (تەبعا مەبەستم مشکەکەیە) چوە ناو ئەو تەڵە ئەلیکترۆنیەوە ئیتر ئامێرەکە نامەیەك دەنیرێت بۆ مۆبایلی خانم و مژدانەکەی دەداتێ کە ئەوە مشکەکە گیراوەو ئامادەبن بۆ فرێ دانی.

# ئینتەرنێت هەڕەشەی نییە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی!

**باوکی مەبەست**

لەماوەیەکی دیاری کراوی بەر لەئیستا لە لایەن هەندێک کەسەوە ئینتەرنێت واسەیردەکرا کەشۆرشێکە لەجیهاندا هاتۆتە ئاراوە و هەرەشەلە کۆمەڵگە دەکات و دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی پەیوەندی خێزانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت ئەوانەی بەکاری دەهێنین دەبنە کەسانێک خو دەگرن بە کۆمپیوتەر و ئالودە دەبن بەئینتەرنێتەوە و لە کۆمەڵگە دوور دەکەونەوەو گۆشەگیر دەبن .

بەڵام لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی سەردەم، کە لەرێگەی پرسیارو وەڵام بەئەنجام گەیەنراوە دەریخستووە کە ئەو تەکنەلۆژیا تازانەی وەک (نامەی ئەلیکترۆنی(E-mail)، تەلەفۆن لەرێگەی ئینتەرنێت، کامێرا راستەوخۆکانی ئینتەرنێت، خزمەت گوزاری ئاڵوگۆری نامەی کورتی دەست بەجێ (SMS)،... هتد) ئەمانە هەمووی پاڵپشتی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن لەنێوان هاورێیان و دۆستاندا.

ئەمەو لێکۆلینەوەکە ئەوەشی رون کردۆتەوە کە خەڵکی پەنادەبەنە بەر ئینتەرنێت لەوکاتانەی کە پێویستیان بەیارمەتی دەبێت لەکاتی روودانی هەرکێشەیەک لەژیانیاندا و هەروەها پاڵپشتی و پشتگیری بەدەست دەهێنین لەئینتەرنێتەوە لەو کاتانەی کە لەکار دەگەڕێن یان کەهەوڵ دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئەمەش بەڵگە دەداتە دەست زۆرێک لە کۆمەڵناسان کە ئینتەرنێت ئەو شۆڕ ئەلکترۆنیە ترسناکە نیە کە خێزانەکان و زاناکانی کۆمەڵایەتی بەترسەوە سەیری دەکەن، بەڵکو پسپۆران وای دەبینین چەند پەیوەندی کەسایەتی رووی لەزیاد بوون بێت ئەوەندە زیاتر پێویستیان بەئینەرنێت دەبێت بۆمانەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەمووانداً، تەنانەت ئەگەر کەسێک نەیتوانی سەردانی هاوڕێیەکی یان دۆستێکی یان خزمێکی بکات بەشێوەیەکی بەردەوام دەتوانێت لەرێگەی ئینتەرنێتەوە یان ئەو تەکەنەلۆژیا تازانەی کە ئێستا بڵاو بۆتەوە وەک نامەی ئەلیکترۆنی(E-mail)، تەلەفۆن لەرێگەی ئینتەرنێت، کامێرا راستەوخۆکانی ئینتەرنێت، خزمەت گوزاری ئاڵوگۆری نامەی کورتی دەست بەجێ (SMS)،...هتد) بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندیان پێوەبکات .

ئەمانەو جێی باسە کە ئینتەرنێت یارمەتی زیادبوونی پەیوەندی کەسەکان دەدات بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ هەموو جیهاندا پەیوەندی راستەوخۆیان هەبێت. بەشێوەیەکی گشی لەرێگەی ئەولێکۆلینەوەیەی کەکراوە لەوڵاتە یەکگرتوەکان، بیرو بۆچونی زۆرینەیان وابوو کەئینتەرنێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لەژیانیان و لەهەڵبژاردنی بڕیارە چارەنووس سازەکانیان و هەڵبژاردینی قوتابخانەی شیاو بۆمنداڵەکانیان و جێگای شیاو بۆ نیشتەجێ بوون و بەهەمان شێوەکاری شیاو و رێنمای پزیشکی و چارەسەرکردنی نەخۆشی.

ئیتر بۆیە نابێت بێ ئاگابین لەو رۆلە کاریگەر و بەرچاوەی کەئینتەرنێت هەیەتی و پێویستە بەشێوەیەکی رێک و پێک بەکاربهێنرێت و سوود لە لەلایەنە چاکەکانی وەربگیرێت.

## کۆمپیوتەرەکانیان بەلاوە گرنگترە لە هاوسەرەکانیان!

زۆرینەی هاوسەرە ئەمەریکییەکان لەو کاتانەی کە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە دانیشتنی بەرامبەر ئامێری کۆمپیوتەریان پێ باشترە لەوەی کە لەگەڵ هاوسەرەکانیان دابنیشن و بکەونە قسە، لەو توێژینەوەیەی کە «سایبرو شملت» لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ئەمساڵ لەسەر «1001» کەس ئەنجامیداوە ئەوەیان بۆ بە دەرکەوتووە کە 65%ی هاوسەرە ئەمەریکییەکان راشکاوانە گوتوویانە: «لەوکاتانەی کە دەگەڕێنەوە پێمان چاکترە لە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکانمان دابنیشین نەك لەگەڵ خێزان و ئەندامانی تری ماڵەوە سەقاڵی قسەو باس بین و کاتی خۆمانی پێ بکوژین».

«دنفەر بوستی» توێژەریش دەڵێت توێژینەوەکە ئەوەش بەدەردەخات کە کەسانی ئەمەریکی مانگانە 12 کاتژمێری خۆیان بەچاککردنەوەی کۆمپیوتەرە لە کارکەوتووە تایبەتییەکانیان بەسەر دەبەن، هەروەها جێی ئاماژە بۆ کردنە لە توێژینەوەکە ئەمەش هاتووە کە 52%ی ئەوانەی دوچاری لەکارکەوتنی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرەکانیان دەبن، تورەو غەمبار دەبن، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە رۆڵی نێگەتیڤانەی ئەم جۆرە تەکنیکە بەسەر پەیوەندیی هاوسەریەتی و ژیانی خێزانداری دەکات.

سەرچاوە: www.bbc.com


**www.c4kurd.com**

ئەگەر حەزت لە تازە ترین هەواڵی زانستی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتە..
ئەگەر حەزت لە فێربونی دروستکردنی سایتی ئینتەرنێتە..
ئەگەر دەتەوێت تازەترین بەرنامەت دەست بکەوێت..
ئەگەر پرسیارەکانت بێ وەڵام بوو..
ئەگەر بەشوێن لینکی سایتە کوردیەکان دەگەرێیت..
ئەوا سەردانی سایتی سی فۆر کورد بکەو بە کورترین کات زۆرترین زانیاریت دەست دەکەوێت..

